# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی

## لە جیاتی ستایشی خەڵکی برسی، دەرگای قاسەکانتان بکەنەوە!...ل6




ساڵی نۆهەم ژمارە (196) بەرواری 1-8-2025 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت



### وتەی ژمارە

## ئاییندەی سیاسی کوردستان و ئەلتەرناتیڤێکی تر!

عەبدوڵا مەحمود

گومان لەوەدا نییە، کە دۆخی سیاسی جیهان بەگشتی و دۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە، کاریگەری راستەوخۆ و ناراستەوخۆیان لەسەر عێراق و کوردستان هەیە. دۆخی سیاسی کوردستانیش هەم لە ژێر کاریگەری راستەوخۆی عێراق و ئاڵۆگۆڕەکانیدایە، هەم لە ژێر کاریگەری پرسی کورد ئەو ئاڵوگۆرانەدایە کە لە بەشەکانی تردا هەیە.

ئا ئەو جێگایەی بە عێراق دەگەرێتەوە، هەموو ئاڵوگۆر و روداو و پیشهاتێک لەتیاییدا روودەدات، کاریگەری خێراو راستەوخۆی لەسەر هەلومەرجی سیاسی کوردستان هەیە. کوردستان بە بەشێوەی فەرمی بۆتەوە بە بەشێک لە عێراق و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمیش خۆیان بە بەشێکی دانەبڕا و هەریمێکی فیدرالی سەر بە عێراق دەزانن، لە روانگەی دەسەڵات و بۆرژوازی عێراقیشدا، هەرێمی کوردستان، بەشێکی دانەبڕاو لە عێراق و سەروەریەکەتی!



ئەگەر ئەوە لایەنی فەرمی پەیوەندی هەرێم بە عێراقەوە بێت، هەرێم بە شێوەی فەرمی و بەپشت بەستن بە دەستور بەشێک بێت لە عێراق، بەڵام لەدنیای واقعیدا درز یان مەودایەک لە نێوان بەغدا و هەرێمدا هەیە. فیدرالیزمی قەومی ئەم مەودا و لێکدابڕانەی فەرمی کردۆتەوە. دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بە کردەوە بەدەست بۆرژوازی کوردەوەیە و هەژموونی سیاسی بەغدا و ناوەند بەسەر هەرێمدا شلۆق و ناسەقامگیر و پڕ گرێ و کیشەیە، ئەم کیشەو گرێیەش سیاسی و ریشەی لە ململانێی نیوان ناسیونالیزمی عەرەب و کورد و لەلایەک و بوونی پاشخانێکی میژوویی لە ستەمی نەتەوایەتی بەسەر خەڵکی کوردستاندایە.

دوبارە بیناکردنەوەی عێراق و ڕێکەوتنی بۆرژوازی عێراق و بۆرژوازی کورد لە ژێر ناوی فیدرالیزمی قەومیدا، بەوێنەی ڕیکەوتنی هەردوولایان لەسەر دابەشکردنی داهات و سامان و دەسەڵاتە، بەڵام هاوکات بۆ بۆرژوازی عێراقی فیدرالیزمی قەومی نە بەوێنەی وەڵامدانەوە بە پرسی کورد، بەڵکو بەوێنەی داخستن و ریگریکردن لە دوبارە سەرهەڵدانەوەی پرسی جیایی و


بۆ لاپەڕە 2


## ڕێکەوتن و لێك تێگەیشتنی دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم، وەڵام بە کێشەی موچەی فەرمانبەران ناداتەوە!



دوای ڕێکەوتن و لیکتێگەیشتنی!! بەغدا و هەرێم لەسەر پرسی موچەو نەوت و داهات و دابەشکردنی موچەی مانگی ٥ ی ئەمساڵ، مۆتەکەی دوبارە نەهاتنی موچە، بۆ مانگەکانی داهاتوو دیۆەزمەیەکە لەسەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانی هەرێم بەگشتی و فەمانبەران بەتایبەتی.

ڕێکەوتنی بەغدا و هەرێم لەسەر پرسی موچە، لەسەر بنەمای ئەوەی دەسەڵاتی هەرێم نەوت رادەستی سۆمۆ بکات و داهاتی نانەوتی و تەوتینی موچەخۆران لەماوەی ٣ مانگدا تەواو بکات و بەغداش لە بەرامبەردا موچە بنیرێت...

ریکەوتن و لێک تیگەیشتنێکی لەرزۆکە. مل دانی دەسەڵاتی هەرێم


بۆ لاپەڕە 3


## ڕفاندن، سەرکوت و داپڵۆسین، تا کوشتنی خەڵکی نارازی... ناتوانێت بەر بە ڕەوتی ڕاماڵینی دەسەڵات بگرێت!



دواکەوتنی موچە و نەبوونی خزمەتگوزاری و مافە فەردی و مەدەنی و ئازادییەکان، لەپاڵ دزی و تاڵانییەکی ئاشکرای حزبە دەسەڵات بەدەست و بنەماڵەکانیان، ژیانی لەزوربەی هاوڵاتیانی کوردستان کردۆتە دۆزەخ. چینی کریکار و جەماوەری بەش مەینەت بەتایبەتی فەرمانبەران، لە پێناو بەرگرتن بە مەرگی شینیەیی و وەستانەوە بەرووی ئەو هەموو



بۆ لاپەڕە 3


### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە لە پارتە نوێیەکەی جێرمی کۆربین.......................ل4
- ستەمی سەر فەرمانبەران و برینی 3٪ لە موچەکانیان.................................ل4
- مەسرور بارزانی ئەندازیاری شکستخواردووی سەرکوتکاری..............................ل8
- یادێك لە هاورێی کۆمۆنیست ئەرسەلان مەولود"ئاراس".................................ل8


## فیدرالیزم شیعارێکی کۆنەپەرستانەیە!

گفتوگۆ لەگەڵ منصور حکمت سەبارەت بە شیعاری فیدرالیزم... ل9-10



## دۆسیەی ژمارە"پرسی موچە و خزمەتگوزارییەکان و ئاییندەی بزوتنەوەی نارەزایەتی.."

ڕێبوار عارف وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...ل11-12


ل7 | کۆشەی ئەدەب و هونەر | ل5 | پرسی بۆر

## درێژەی وتەی ژمارە

سەربەخۆیی و کۆتاییهێنان بەپرسی کورد وێنا دەکرێت.

دوبارە بیناکردنەوەی عێراق و پەسەندکردنی فیدرالیزم و دەستور، لەگەڵ ئەوەدا پرس و ستەمی نەتەوایەتی و کێشەی کوردی توشی هەڵپەساردن کردووە، بەڵام نەتیوانیووە وەڵامێکی کارساز بە پرسی کورد بداتەوە و کۆتایی یەکجاری بە ستەمی نەتەوایەتی بهێنێت و ڕێگە لە دوبارە سەرهەڵدانەوەی بگرێت. چ ماهیەتی بۆرژوازی لە عێراقدا و چ ماهیەتی بۆرژوازی کورد لە کوردستاندا، هەڵگری وەڵامدانەوە بە پرسی سیاسی و کۆتایی بە کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان نەهاتووە، بەڵکو لە دۆخێکی تازە و لە برگەیەکی نوێدا فۆرمەکانی ململانێکە لەسەر ئەو پرسە سیاسییە درێژە بەخۆیان دەدەن و هەرجارەی لەگەڵ دۆسیەکی تایبەتدا دیمەنەکانی خۆی دەخاتە ڕوو. دیارە پرسی کورد زۆرتر لە چوارچیوەی نوخبەی سیاسی عێراق و باڵەکانی بۆرژوازییدا خۆ دەردەخات و یان وەکو پرسیکی سیاسی دێتەوە ئارا، بەڵام لە ئاستی کۆمەڵایەتی و گشتیدا چ بۆ خەڵکی عێراق و چ بۆ خەڵکی کوردستان باسێک لەسەر ستەمی نەتەوایەتی نییە و نەوەو لاوانی هەردوو بەشی عێراق، کە زوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان پێک لەبەرامبەردا دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد زۆر شتی لەدەستداوە... لەلایەکەوە ریزەکانی لێکترازاو، هەرێمی دابەش بوو، دوو دەسەڵات و دووهێزی سەربازی و ئەمنی و لەراستیدا حزبی و میلیشایی، دابراو لە جەماوەر و بن بەست لە بەرێوەبردن و مایەپوچی لە وەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین داخوازییەکانی خەڵک، پیگەی ناوچەیی و جیهانی لاواز تر بووە ئاسۆیەک بۆ خۆگرتنەوە و مانەوەی بەوێنەی پیشوو نەماوە و هەموو ئەوانەش ئاسۆی ئەم بزوتنەوەیەی بەرەوە داکوژان بردووە. تاکە پرسێک کە ماوەتەوە پەنای بۆ ببات و دنەی بدات و خۆی پێوە هەڵبواسێت، دوبارە پرسی کوردە. ئەو پرسەش لە ئاستی کۆمەڵگە

دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پشت بەستوو بە ئیرادەی ڕاستەخۆی جەماوەری لە ڕێگای خودی جەماوەری کوردستانەوە، نەك هەر لەتوانادایە، بەڵکو خواستێکی سەرەکی خەڵکی کوردستان و پیش مەرجی هەر باش بژێوی و ئاڵوگۆڕێکی بەرجەستە لە ژیان و گوزەرانی هاولاتیان ومافە فەردی و مەدەنیەکانیانە... دەسەڵاتی حزبۆکراتی، میلیشیایی و بنەماڵەیی، کۆسپی سەرەکی بەردەم گۆڕانکاری ریشەیی و بەجەستە لە دۆخی هەریمی کوردستاندایە...

نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان نەبوون و لە جێگای ئەوە پەنا براوەتە بەر ڕیکەوتنی سیاسی و دابەشکاری کە وەڵام بە ویستی هەردوو بەشەکەی بۆرژوازی لە عێراقدا "بۆرژوازی کورد و عەرەب" بداتەوە، بێ ئەوەی کۆتایی بەو پرسە بهێنێت. هەر ئەو واقعیەتەشە، کە ململانێی بۆرژوازی کورد و عەرەب، لەسەر هەر پرسێکی تری تایبەت بە داهات و ئابوری و کیشەکانی تری نێوان هەرێم و بەغدا، راستەوخۆ پشکۆی ژێر ئەو خۆڵەمیشە دەگەشێنێتەوە کە پیشتر بە نەکوژاوەیی ماوەتەوە. پرسی نەوت و غاز و گرێبەست و دەرهێنان و چۆنیەتی بەبازار کردنی، تا دەگات پرسی بوجە و شایستە داراییەکانی هەرێم و مەسەلەی ناوچەکیشە لەسەرەکان و کەرکوک، تا دەگاتە پرسی داهاتی ناوخۆیی و خاڵە سنورییەکان و پەیوەندییەکان و ئاسایشی سنور و تەنانەت موچە... هەموویان بە هەڵواسراوی ماونەتەوە و بوونەتە مەبنای کیشمەکێشیکی بەردەوام و نەپساوەی نیوان هەرێم و بەغدا.

چ بۆرژوازی عێراقی، تائێستا دەسەڵاتی هەرێم بە وینەی دەسەڵاتێکی جیاخواز و سەربەخۆخواز تەماشا دەکات و چ بۆرژوازی کورد، دەسەڵاتی بەغدا بە وێنەی دەسەڵاتێکی شۆفینی و دژ بەکورد و مافە نەتەوەیەکانی تاوانبار دەکات، ئەوەش بەڵگەی ئەو ڕاستییە کە دەهێنن، سەروکاریان لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و ئەو چەوساندنەوەیە نییە، بەڵکو دەرگیری مافەکانی خۆیانن و بەدوای هەلی کار و ئازادی و ماف و مەدەنیەکانیانەوەن. نەوەکانی دوای کەوتنی بەعس، ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراق و بۆرژوازی کورد بەرەو ڕوون.

فیدرالیزمی قەومی کە بەرهەمی "سازانی دەسەڵات و بەشی داهات و سامانە" لە برگەیەک و هاوسەنگیەکی دیاریکراودا، کە لەلایەکەوە بۆرژوازی عێراقی ریزەکانی بڵاو و شپرزەو لەرزۆک و خۆنەگر بوو، لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کە بەبەراورد بە دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی، تا رادەیەکی زۆر سەقامگیر و خاوەنی زیاتر لە دەهەیەک لە ئەزموونی دەسەڵاتداریێتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بوو، ئیستا ئەو هاوکێشەکە پێچەوانە بۆتەوە، بۆرژوای لە عێراقدا تا رادەیەکی زۆر هیزی بەبەردا هاتۆتەوە، لێتگەیشتن و ڕیکەوتن لە نێوان باڵەکانیدا هەیە، هەژموونی خۆی بەسەر عێراق بەشی ناوەراست و خوارویدا زاڵ کردووە، زوربەی هەرەزۆری سەرچاوەکانی داهات و سامانی خستۆتەوە ژێر هەیمەنەی خۆی. لە هیزی ئەمنی و سەربازی بەهرەمەندەو گەراوەتەوە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

و ئاستی کۆمەڵایەتیدا پرسێکی زۆر لاواز و لاکەوتەیە و خەڵکی کوردستان زۆرتر و بەپلەی یەکەم پرسی نەبوونی موچەو خزمەتگوزارییەکان و ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان دەستی ناوەتە بینەقاقای و کیشەی کورد ئامادەییەکی بەرجەستەی لە دۆخی ئێستادا، نییە.

ئاڵوگۆر لە هەلومەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان و سیستەمی حکومرانی، تەنها پەیوەست بەبەغدا و لێگرێدراو بە چارەسەری پرسی سیاسی کوردەوە نییە، ئەگەر بەدەسەڵات گەیشتنی بۆرژوازی کورد بەرهەمی خۆبەستنەوە بە سیاسەتی ئەمریکا و غەرب و جەنگەوە هەبوو، بەڵام دۆخی سیاسی ئیستای کوردستان و کیشە زۆر زەوەندەکانی راستەوخۆ ریشەی لە دۆخی ئیستای کوردستان و فۆرمێکی شکستخواردووی فەرمانرەوایەتی بۆرژوازی کورد دایە. لە هەلومەرجی ئێستادا لە توانادایە جۆرێکی ترو فۆرمێکی تری حکومرانی لە کوردستاندا جێگای دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی و بنەماڵەیی بگرێتەوە، بێ ئەوەی پرسی سیاسی و کیشەی نەتەوایەتی لە ئارادا بێت یان ببیتە گرفتی بەردەم ئەم فۆرمە نوێیەی دەسەڵاتی سیاسی.

دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پشت بەستوو بە ئیرادەی ڕاستەخۆی جەماوەری لە ڕێگای خودی جەماوەری کوردستانەوە، نەک هەر لەتوانادایە، بەڵکو خواستێکی سەرەکی خەڵکی کوردستان و پیش مەرجی هەر باش بژێوی و ئاڵوگۆڕێکی بەرجەستە لە ژیان و گوزەرانی هاولاتیان ومافە فەردی و مەدەنیەکانیانە... دەسەڵاتی حزبۆکراتی، میلیشیایی و بنەماڵەیی، کۆسپی سەرەکی بەردەم گۆڕانکاری ریشەیی و بەجەستە لە دۆخی هەریمی کوردستاندایە. دەسەڵاتی بۆماوەیی بۆرژوازی کورد، لە ڕێگای هیزی چەکداری میلیشایی و حزبی، دەسەڵاتی خۆی بەسەر سەری خەڵکی کوردستاندا و بەسەر داهات و سامانی هەرێمدا هیشتۆتەوە و دادگا و یاساشی کردۆتە ئامرازی ئەم فۆرمە لەدەسەڵاتی خۆی و بەرگریکار لە بەرژەوەندیەکانی.

کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حزبی و جێگرتنەوەی بە دەسەڵاتی حکومەتی و جەماوەری، داماڵینی چەک لەدەستی حزبەکان و گواستنەوەی چەک و هیزە چەکدارەکان بۆ ناو هیز و سوپایەکی جەماوەری" نیشتیمانی"، سەربەخۆی دادگاکان و دەسەڵاتی دادوەری و دەرهێنانی لەژێر هەژموونی حزب و بنەماڵە و جیگرتنەوەی بە یاسا مەدەنی و جیهانداگرەکانی ئینسان... ئەو هەنگاوانەن، دەتوانێت بەتەواوەتی کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو ئاڵوگۆڕیکی بەرجەستە ببات و ئیرادەی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان بگرێتەوە و لە کابوسی دەسەڵاتی ئیستای بۆرژوازی کورد رزگاری بکات. لە نێوەدا دەسەڵاتی سیاسی نوێ دەتوانێت بەپشتبەستن بە ئیرادەو بریاری جەماوەری جارێکی تر ئارایش و پەیوەندی خۆی بە بەغداوە پێناسەبکاتەوە. گومان لەوەدا نییە دەسەڵاتێکی مەدەنی و ئازادیخوازانەی پشتبەستو بە بریار و ئیرادەی جەماوەری لە کوردستاندا کە مافی هاولاتی بوون و باش بژێوی مافە فەردی و مەدەنییەکان تیایدا زامن کراو بێت... بە خێرایی لە پێشوازی جەماوەری عێراق و ولاتانی ناوچەکە بەهرەمەند دەبێت و کاریگەری لەسەر عێراق بە ئاراستەی ئاڵوگۆر لە بەژەوەندی هاولاتیانییدا تەواو دەبێت. بۆ چارەسەری پرسی سیاسی کوردیش، زەمینەیەکی لەبار و کارئاسانییەکی زۆر بۆ چارەسەرێکی کارساز مەیسەر دەکات...

*******

کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حزبی و جێگرتنەوەی بە دەسەڵاتی حکومەتی و جەماوەری، داماڵینی چەك لەدەستی حزبەکان و گواستنەوەی چەك و هیزە چەکدارەکان بۆ ناو هیز و سوپایەکی جەماوەری" نیشتیمانی"، سەربەخۆی دادگاکان و دەسەڵاتی دادوەری و دەرهێنانی لەژێر هەژموونی حزب و بنەماڵە و جیگرتنەوەی بە یاسا مەدەنی و جیهانداگرەکانی ئینسان... ئەو هەنگاوانەن، دەتوانێت بەتەواوەتی کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو ئاڵوگۆڕێکی بەرجەستە ببات و ئیرادەی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان بگرێتەوە و لە کابوسی دەسەڵاتی ئیستای بۆرژوازی کورد رزگاری بکات. لە نێوەدا دەسەڵاتی سیاسی نوێ دەتوانێت بەپشتبەستن بە ئیرادەو بریاری جەماوەری جارێکی تر ئارایش و پەیوەندی خۆی بە بەغداوە پێناسەبکاتەوە ...

# درێژەی: ڕێکەوتن و لێك تێگەیشتنی دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم، وەڵام بە کێشەی موچەی فەرمانبەران ناداتەوە!

بەو خاڵانەی بەغدا لە بنەرەتدا بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، لە لایەکەوە لە ترسی هاتنەمەیدانی فراوانی جەماوەری و وەڕێکەوتنی نارەزایەتی فراوان بەشیوەی زبر و یەکلاکەرەوە، لەلایەکی تریشەوە پرسی هەڵبژاردنەکانی مانگی ١١ ی ئەمساڵە، کە بۆرژوازی کورد بەو ئاستە لە نابەرپرسیاریەتی ناتوانێت نەک فەرمانبەران، بەڵکو موچەخۆرە بن دیوارەکانی خۆیشی بانگهێشتی بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات. بۆ دەسەڵاتی بەغداش ناردنی موچەیەک یان چەند مووچەیەک تەنانەت ئەگەر هەرێمیش پابەندی بەڵێنەکانی نەبێت، لەلایەکەوە بۆ شێواندنی رای گشتی و لەلایەکی تریشەوە بۆ کاریگەری دانانە لەسەر دەنگدەری هەرێم تا لەبەرامبەر تورەییان بەرامبەر بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، دەنگ بە لیست و قەوارەکانی دەرەوەی هەرێم بدەن.

حکومەت و دەسەڵاتی بەغدا بە پاساوی دەستکورتکردنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و بە بەهۆی پابەند نەبوونی بە ڕیکەوتنەکانی لەگەڵ بەغدا، موچەی فەرمانبەران رادەگرێت، بەم هەنگاوە نائینسانیەش لە جێگای ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم سزا بدات، ژیان و گوزەرانی موچەخۆران توشی سەخترین دۆخ دەکاتەوە. دەسەڵاتی سیاسی هەرێمیش لە ململانێی خۆی لەگەڵ بەغدا و بۆ خۆدزینەوە لە پابەندییەکانی بەدەسەڵاتی بەغدا، فەرمانبەران دەکاتە هێزو قەلغانی بەرگری لە پیناو ئامانجە چاوچنۆکەکانی خۆی و بەردەوامی دان بە دزی و تاڵانییەکی ئاشکرا و خۆ دزینەوە لە هەموو بەرپرسیارییەتیەک.

هێرشە درۆنیەکانی سەر چەند جیگای هەرێم، ئەگەر ئامانجێکی ترساندنی دەسەڵاتی هەرێم و گوشار و پەیامێک بێت بۆ دەستکۆتاکردنی دەسەڵاتی هەرێم لەسەر پرسی نەوت، ئەوا بۆ دەسەڵاتی هەرێمیش پاساوێکە بۆ خۆدزینەوە لە رادەستکردنی بڕی نەوتی پێویست بە سۆمۆ. ئەوەش بەکردەوە یانی هەڵوەشاندنەوەی ئەم لێک تیگەیشتنە لەرزۆکەی لە نێوان بەغدا و هەرێمدا کراوە. لەوەش زیاتر یانی دوبارە برینی موچەی موچەخۆرانی هەرێم.

فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێم و سەرجەم خەڵکی نەداری کوردستان، پێویست دەکات لە ململانێ و کایەی بەردەوامی بەغدا و هەرێمدا، بە ریزێکی فراوانەوە بینە مەیدان بەدژی هەردوو دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی بۆرژوازی کورد و عەرەب، کە قوتی خۆیان و منداڵەکانیانی کردۆتە بارمتەی ململانێی تاڵانچیانەی نیوانیان.

ئەم ریکەوتنەی کە کراوە، ریکەوتنێکی لەرزۆک و ناچاری و کاتییە و بە پلەی یەکەم ئامانج لە بەرژەوەندیەکانی ئێستای خۆیانە، نەک وەڵامدانەوە بەو کیشەیەی زیاتر لە دەهەیەکە بۆتە ملۆزمی سەر ژیان و گوزەرانی فەرمانبەران و هاوڵاتیانی هەرێم. ریزێک لە ریکەوتنی پێشوتری نیوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا و بە جێگایەک نەگەیشتنی، پوچی ئەم ریکەوتنەش دەخاتە روو.

# درێژەی: رفاندن، سەرکوت و داپڵۆسین، تا کوشتنی خەڵکی نارازی... ناتوانێت بەر بە ڕەوتی ڕاماڵینی دەسەڵات بگرێت!

ستەم و بێمافیەی لێیان دەکرێت، ناچارن دەست بدەنە نارەزایەتی و رووبەرووی ئەو دەسەڵاتە نابەرپرس و حزبی و میلیشیاییە تاڵانچیە ببنەوە، کەسەرچاوەی دەیان مەینەت و کوێرەوەرییە، کەچی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە هەردوو زۆنەکە، لەجیاتی بە دەنگەوە هاتنی هاوڵاتیان و گوێگرتن لە داخوازییەکانیان و تیگەیشتن لە دۆخی ژیان و گوزەرانیان، لە ریگای دەزگا و هیزە ئەمنیەکانیان و پیاوە کرێگرتەکانیان هێرش دەکەنە سەر نارەزایەتیەکانیان. تەنانەت بەر لە کۆبونەوەو نارەزایەتیەکان، لەشکرێک لە هێزی سەرکوتگەر بڵاوە پێدەکەن، هەلسوراوان و چالاکوانان و رابەرانی نارەزایەتیەکان دەرفینن، زیندانی دەکەن و لەو جێگایانەش دەرفەتی پیش وەختە بۆ بەرگرتن بە هاتنەمەیدانی جەماوەییان نییە، بە زەبری هێز و لە ریگای دەستبردن بۆچەک وەڵام بە داخوازی زۆر سادەی هاوڵاتیان کە بەپلەی یەکەم موچەو خزمەتگوزارییەکانە دەدەنەوە. دەستگیرکردنی دەیان لە چالاکوان و هەڵسوڕاوانی جەماوەری لە سلێمانی، هیرش بۆسەر خۆپیشاندنی نارەزایەتی خەڵکی وەرتێ و کوشتنی هاوڵاتییەک و بریندارکردنی چەندین کەسی تر، ریگری کرتن لە خەڵکی هەولێر و عەنکاوە و بۆ کۆبونەوەی نارەزایەتی، هێرش بۆسەر خەڵکی نارازی خەبات، هەوڵی رفاندی پاریزەر شوان گەردی و شکنجەدانی لەناو جەرگەی شاری هەولێردا، هیرش بۆسەر هەر نارەزایەتیەکی تر تا درێژکردنەوەی سزای زیندانیان، وەکو بەرۆش دۆسکی...تاد، گۆشە بەگۆشەی ئەو سەرکوت و داپڵۆسینەن کە تەنها لەم ئەم یەک دوو مانگەدا، دەستیان بۆ براوە.

ئەم دەسەلاتە عەنتیکەیەی بۆرژوازی کورد، موچە دوادەخات و دەبڕیت و مانگەکانی درێژ دەکاتەوە، کەچی داوای سەبر و دان بەخۆداگرتنی هاوڵاتیان دەکات. خۆ ئەگەر دەنگت هەڵبری و داوای مافی خۆیی کرد، بە بیانوی خۆفرۆشی و دژایەتی" نیشتیمان" هیرش دەکات و زیندانیش ئامادەیە. خزمەتگوزارییەکان هەرزان فرۆش دەکات و کۆمپانیا تایبەتی و حزبییەکان و رادەسپێرێت جێگای بگرنەوە و گیرفانی هاوڵاتیان دابتەکێنن... نەوت بە قاچاغ و بەبەرچاوی هاوڵاتیانەوە ئاودیو دەکات و بێ ئەوەی هیچ داهاتێکی دیار بێت، کەچی ئاماری بەرزبوونەوەی قەرزەکانی سەر هەرێم رادەگەیەنێت. پرۆژەی بازرگانی وەکو "پرۆژەی روناکی" کە ئامانج کەڵەکەی سەرمایەیە وەکو پرۆژەی خزمەت و بەرەپیشەوچوونی هەرێم، دەرخواردی کۆمەڵگە دەدات. خۆی لە پابەندبوون بە ڕیکەوتنەکانی لەگەڵ هاوبەشە دزەکانی لە بەغدا دەدزێتەوە، کەچی باسکردنی بە حەرام و بە دوژمنایەتی" قەوارەی هەرێم" دەخاتە ڕوو. باسی نۆکەر پیشەییان بکەیت، بە پاساوی تێکدانی ئاسایشی نیشتیمانی!! تۆمەتبار دەکرێت.

هەموو ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەیکات، راستەوخۆ ریشەی لە ماهیەتی سەرکوتگەرانەی دەسەلاتەکەیدایە، کە لە ریگای زۆری هێز و دەسەڵاتی حزبی و دەست بەسەراگرتنی داهات و قوتی هاوڵاتیان و خۆبەستنەوە بە ولاتانی ناوچەکەوە، دەیەوێت تەمەنی نەگریسی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بهێڵتەوە و درێژە بەو دزی و تاڵانیە بدات کە بۆتە سەرچاوەی کەڵەکەی کێوێک لە داهات و سامان بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان.

ئەم دەسەڵاتە تاڵانچییەی لە ریگای سەرکوت و داپڵۆسینەوە، وەڵام بە ماف و داخوازییەکانی هاوڵاتیان دەداتەوەو درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات، ناتوانێت چارەنووسێکی جیاواز لەو دەسەڵاتانەی هەبێت، کە جەماوەری بەش مەینەت رەوانەی میژووی کردوون. جیا لەوانەش نەک هیچ سەرکوت و درندەییەک ناتوانێت تا سەر دەنگی جەماوەری نارازی کپ بکات، بەڵکو هەر رۆژە تورەیی و نەفرەتی جەماوەری پەرە پیدەدات و ریگاکانی خەباتی جیاوازی بۆ دەخاتە سەرپشت، تا کۆتایی بەو دێوەزمەیەی دەسەڵات بهێنێت. بۆرژوازی کورد ناتوانێت تاسەر ئەم لەسەر رێچکەیە لە دزی و سەرکوت بەردەوام بێت، بەڵکو بەم کارنامەی هەیەتی گۆڕی خۆیشی هەڵدەکەنێت.

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.


* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بلاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بلاوبوبێتەوە.

* بابەتی بلاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بلاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بلاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بلاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بلاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...



# هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە لە پارتە نوێیەکەی جێرێمی کۆربن

نووسینی: توانا حەمە نوری

جێرێمی کۆربن، ئەندام پەرلەمانی دێرینی بەریتانیا، لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠٢٠ سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی بەریتانیای دەکرد. دوای شکستێکی گەورە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٩ و دواتر وازهێنانی لە پارتەکە، وەک کاندیدێکی سەربەخۆ هەڵبژێردرایەوە. لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠٢٥، کۆربن پێکهێنانی پارتێکی نوێی چەپڕەوی ڕاگەیاند، کە بە شێوەیەکی کاتی ناوی "پارتی ئێوە"ی لێناوە، بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی سەرکردایەتی ئێستای پارتی کرێکاران و بنیادنانی جوڵانەوەیەک کە لەسەر بنەمای کۆمەڵگەکان و سەندیکاکانی کرێکاران دامەزرابێت.

پارتە سیاسییە نوێیەکەی جێرێمی کۆربن بووەتە جێی سەرنجی میدیا و دەنگدەرە نارازییەکان و چالاکوانانی چەپڕەو. جگە لەوە، زۆر پێویستە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەیری ئەم ڕووداوە نوێیە بکەین و بیبەستینەوە بە مێژووی گشتیی بزووتنەوەکانی چەپ و چاکسازییەوە.

بنەمای دامەزراندنی پارتەکە بریتییە لە چاکسازی لە سیستەمی سەرمایەداریدا، نەک هەڵوەشاندنەوەی.

گوتاری پارتەکە، هەرچەندە بە زمانی دژە-قەیران و دژە-کۆمپانیا داڕێژراوە، لە کۆتاییدا هەوڵ دەدات سەرمایەداری، کە لەسەر بنەمای چەوسانەوە بنیات نراوە، بەشێوەیەکی مرۆڤانەتر بەڕێوەببات. ئەم ڕێبازە مەترسی ئەوەی هەیە کە تووڕەیی چینی کرێکار خاو بکاتەوە بە پێشکەشکردنی سەرکەوتنی سیمبولی لەبری گۆڕانکاری ڕیشەیی.

پارتەکە نۆێیەکەی جێرێمی کۆربن، بە هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان، ئەو وەهمە دروست دەکات کە گۆڕانکاری ڕاستەقینە تەنها لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە دێتە ئاراوە. ئەم پەرلەمان پەرستییە ئەو ڕاستییە مێژووویە پشتگوێ دەخات کە سیستمی هەڵبژاردن بۆ هەڵمژین و پووچەڵکردنەوەی بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان بنیات نراون.

زمانی پۆپۆلیستیی پارتەکە، بانگەوازکردن بۆ 'کۆمەڵگاکان' و 'خەڵکی ئاسایی'، ململانێی چینایەتی دەشارێتەوە. چونکە بە ڕوونی چینی کرێکار وەک بابەتی شۆڕشگێڕ دیاری ناکات، دەرگا بۆ هاوپەیمانی نێوان چینە جیاوازەکان دەکاتەوە کە ڕوونیی سیاسەتەکەی کاڵ دەکاتەوە و سازش لەسەر ئامانجەکانی دەکات.

لەکاتێکدا پارتەکە خۆی لەگەڵ سەندیکاکاندا هاوئاهەنگ دەکات، ئەم کارە بە شێوازێکی شەرمنانە و بیرۆکراتیانە دەکات. هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ستراتیژی ڕادیکاڵکردنی سەرکردایەتی سەندیکاکان یان بۆ پشتیوانیکردن لە یاخیبوونی ڕیزەکانی خوارەوە.

پارتەکە هیچ باسێکی جددیی نییە بۆ خەباتی دەرەوەی پەرلەمان. هیچ بەرنامەیەکی نییە بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر، هیچ دیدگایەکی نییە بۆ شورای کرێکاران، هیچ ئامادەکارییەکی نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی سەرمایەداریدا.

وتاری پارتەکە زۆرجار پشت بە تووڕەیی ئەخلاقی دەبەستێت، دژی نایەکسانی، نادادپەروەری و گەندەڵی، نەک شیکارییەکی ماتریالیستییانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە سەرمایەدارییەکان. ئەم ئەخلاقگەراییە، هەرچەندە لە ڕووی سۆزدارییەوە کاریگەرە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە پوچ و لاوازە.

پڕۆژەکەی کۆربن لە نەریتە دێرینەکەی لەیبەریزمەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە مێژوودا هەوڵی داوە نێوەندگیری بکات لە نێوان سەرمایە و کاردا، نەک ڕووبەڕووی سیستەمی سەرمایەداری ببێتەوە. تەنانەت لە قۆناغە هەرە ڕادیکاڵەکانیشیدا، پارتی کرێکاران چاکسازییەکانی جێبەجێ کرد کە سەرمایەداریی سەقامگیر کرد نەک تەحەدای بناغەکانی بکات.

بەریتانیا چەندین هەوڵی بەخۆیەوە بینیوە بۆ بنیاتنانی ئەڵتەرناتیڤ بۆ پارتی کرێکاران لەلایەن چەپەوە، وەک پارتی سۆشیالیستی کرێکاران، ڕیسپێکت و یەکێتیی چەپ. ئەم هەوڵانە زۆرجار بەهۆی جەختکردنەوەی زیاد لەسەر هەڵبژاردن، نەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی ڕوون و شکست لە جیابوونەوە لە لۆژیکی سیاسەتی پەرلەمانی، شکستیان هێناوە.

لەسەر ئاستی جیهانیدا، پڕۆژەی چەپڕەو-چاکسازیخوازە هاوشێوەکان، وەک سیریزا لە یۆنان و پۆدیمۆس لە ئیسپانیا، نیشانیان داوە کە چەند بە خێرایی دەکرێت ئەم جۆرە بزووتنەوانە لەناو ئەو سیستمەدا بتوێنەوە کە بانگەشەی دژایەتیکردنی دەکەن. بەبێ ستراتیژییەکی شۆڕشگێڕانە، تەنانەت ئەو پارتانەی کە زۆرترین ڕادیکاڵییان هەیە دەتوانن ببنە هۆکاری بێهیوابوون.

لە ڕووی مێژوویەوە، دەوڵەتی سەرمایەداری سەلماندوویەتی کە دەسگایەکی بێلایەن نییە، بەڵکو ئامرازێکی چینایەتییە بۆ پاراستنی موڵکیەتی تایبەت و سەرکوتکردنی نارەزایەتی کرێکاران. هەر پارتێک هەوڵ بدات لەناو ئەم چوارچێوەیەدا کار بکات بەبێ ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و ڕووخاندنی، چارەنووسی سنووردرابوونە یان شکست.

پارتە نوێیەکەی کۆربن دەبێت وەک بەشێک لە هەوڵێکی دووبارەبووەوەی چەپڕەو-چاکسازیخوازەکان بۆ بەڕێوەبردنی سەرمایەداری بە شێوەیەکی مرۆڤانەتر تێیبگەین، نەک وەک دابڕانێک لە ڕابوردوو. دیارە گۆڕانکاریی ڕاستەقینە پێویستی بە شکاندنی ئەم بازنەیە هەیە، نەک بە ڕەتکردنەوەی چاکسازی بە تەواوی، بەڵکو بە چەسپاندنی چاکسازییەکان لەناو ستراتیژی دابڕان، کۆکردنەوەی جەماوەر، و ڕێکخستن و خۆ-ئازادکردنی چینی کرێکار.

# ستەمی سەر فەرمانبەران و بڕینی ٪٣ لە موچەکانیان...

لە دێژەی دزی و تاڵانی بەردەوامی دەسەڵاتدا، بۆرژوازی کورد خەریکی لێبرینی موچەیە بە ڕێژەی ٣% موچەی خانەنشینان و فەرمانبەران... دەسەڵاتی نەنگینی یەکێتی و پارتی و هاوبەشەکانیان، بە دواخستنی، پاشەکەوتی موچە، دریژکردنەوەی مانگەکانی ساڵ، تینوێتیان بۆ داتەکاندنی گیرفانی فەرمانبەران و خەڵکی کوردستان ناشکێت، بۆیە خەریکن بە لێبرینی موچەش بە پاساوی پوچ، هێندەی تر موچەخۆران ڕووبەرووی سەختی ژیان و گوزەران دەکەنەوە.... لەو بارەیەو گوڵاڵە سەعید، شارەزای بواری ئابوری دەنووسێت:

## چەندین ستەم لە موچەخۆر کراوە"




سەبارەت بە لێبڕینی 3% چەندین ستەم لە موچەخۆر کراوە:-

١- چەندین موچەی موچەخۆر نەدراوە، پاشەکەوتکراوە، لێی بڕدراوە، بەڵام ئێستا ئەو 3% لەو موچە نەدراوانەش دەبڕدرێت بۆ 10 ساڵ!

٢- چەندین موچەخۆر مۆڵەتی بێ موچەی کردوە ساڵ، دوو ساڵ، سێ ساڵ ... بەڵام ئایا ئێستا ئەو 3% لەو ساڵانەش دەبڕن کە موچەخۆر هیچ موچەیەکی وەرنەگرتوە و مۆڵەت بوە؟ ئەگەر دەبڕدرێت ئەمەش ستەمێکی ترە!

3- لە ماوەی ئەو ١٠ ساڵەدا، ٧% لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە موچەخۆر بڕدراوە بەناوی سندوقی خانەنشینییەوە، وە لەبەرئەوەی لە هەرێم ئەم سندوقە نەبووە چارەنوسی ئەو بڕە پارەیە نادیارە، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا حکومەتی فیدراڵ داوای ئەو 7% بۆ ماوەی 10 ساڵ لە حکومەتی هەرێم دەکاتەوە یان تەنها داوای 3% موچەخۆران دەکات و دارەکە لەسەری موچەخۆر دەشکێنێت؟

4حکومەتی هەرێم مافێکی موچەخۆرانی زەوتکردوە کە ئەویش پلەبەرزکردنەوەیە، چونکە مافێک یاسا بیدات ناتوانرێت بە ڕێنمایی ئەو مافە بسەنرێتەوە، تەنها بە یاسایەک دەتوانرێت ئەو مافە بسەنرێتەوە کە هێزی یاساکە هاوتای هێزی یاساکەی یەکەم جار بێت یان هێزەکەی زیاتر بێت، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم ئەم مافەی زەوتکردوە، پاش گەڕاندنەوەی پلەبەرزکردنەوە هاتوە جیاکاری لە نێوان وەزارەتەکان کردوە بۆ هەندێکیانی گەڕاندوەتەوە و بۆ هەندێکی نەگەڕاندوەتەوە.

لەبەرئەوە ئێستا کاتی ئەوەیە حکومەتی هەرێم ئەو مافە زەوتکراوە بۆ موچەخۆران بگەڕێنێتەوە، چیتر ئەم جیاکاری و مەزاجە لەنێوان موچەخۆرانی جێبەجێ نەکات، ئەگەر نا ئەمە پاڵنەرێکی باشە بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگای باڵای فیدراڵی بۆ:

1. گەڕاندنەوەی پلەبەرزکرنەوە.
2. هەژمارنەکردنی ئەو ٣% بۆ موچە نەدراوەکان و مۆڵەتە بێ موچەییەکان.

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## پرسی موچە لەنیوان سات و سەودای دوو دەسەڵاتی ناوەندی و هەرێم

## بەڕێز هاوکار قادر وەڵامی پرسەکەی داوەتەوە

**پرسی ڕۆژ: پرسی مووچە لەنێوان ساتوسەودای دوو دەسەڵاتی ناوەندی وهەرێم؟**



**جگە لەبێسەروشوێنکردنی نزیکەی ٥٤ مووچە وهەندێک مانگی دیکەی مووچەخۆرانی حکومی لەهەرێمی کوردستانی عێراق. مووچەخۆران لەکوردستان لەنێوان ساتوسەودای سیاسی وئیداری هەردوو دەسەڵاتدا ژیانی خۆیان وخێزانیان توشی دڵەراوکێی زۆر بووە. کاریگەری زۆری کردۆتە سەر هەموو کونج وکەلەبەرەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان.**

**پرسی ڕۆژ: ئەو ساتوسەودایە بەچارەنووسی خەڵکی کوردستان بەرەوکوێ دەڕوات وڕێگەچارەی بنەڕەتی لای دوو دەسەڵاتی ناوەند وهەرێمە یان خەڵک دەبێ ڕێگەیەکی دیکە بدۆزێتەوە؟**


**بەڕێز هاوکار قادر وەڵامی ئەم پرسەی داینەوە.**

ئەڵبەتە پرسی بەدواداچوونتان بۆ گرفتەکانی سەر ژیانی خەڵک بەگشتی، و مووچەخۆرانی هەرێم بەتایبەت جێگەی دەست خۆشیە. ئەمەی لەگەڵ بەرێزتان گفتوگۆی دەکەین، بەداخەوە لەدوای ساڵی ٢٠١٤ ەوە بەبڕینی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەست پێدەکات، لەو کاتەشەوە حکومەتی هەرێم بە لێبڕین و نەدانی نیوە مووچە و نزیکەی ٥٤ مووچەی کلک وگوێ کردووە. تەواو ژیان و گوزەرانی مووچەخۆرانی هەرێم و خەڵکەکەی هێندەی تر ئاستەنگ تر کردووە. ئەوە لەکاتێکدا دەستەڵاتدارانی هەرێم کە بۆ خۆیان سەرەڕای فرۆشتنی نەوت و داهاتی نانەوتی دەڵێن توانای دابینکردنی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێممان نییە، کەچی سەروەتی خۆیان وحزبەکانی دەسەڵات، واتە دەستەڵاتداران و سەرمایەدارانی هەرێم لە ملیۆنێر و ملیاردێرەکان ژمارە وسەروەتەکانیان زیادیکردووە. دەتوانین بشڵێین ئەم کێشەیە بۆ شکستی هەردوو حکومەت لە شێوازی ئیدارەدانی خەڵک و حکومڕانی دەگەڕێتەوە. ئەوە لەکاتێکدا دەستتێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکە و زلهێزەکانی دنیا، و شەڕوشۆڕەکانی پلان بۆ داڕێژراویش هێندەی تر گرفتەکان و چارەسەریەکانی نێوان هەرێم وبەغدای بۆ مووچە خۆران ئاستەنگتر کردووە، بەشێوەی هەتا ئێستا بەردەوامیان هەیە و لەدوای چەندین ساڵ لە گفتووگۆ و دانیشتنی زۆری کار بەدەستانی هەردوو حکومەت. چارەیەک بۆ کێشەکانی نێوانیان نەدۆزراوەتەوە! کە من بۆ خۆشم پێموایە کێشەکان نەک بەردەوامی دەبێت، بەڵکو ئاستەنگەکان پتر دەبن و هیوایەک بۆ



چارەسەری نییە. ئەوەی جێگەی داخە؛ وەک هەمیشە خەڵکە بەش مەینەت وکەمدەرامەتەکەیە دەبنە قوربانی یەکەمی کێشەکانی نێوانی هەرێم و بەغداد. ئەڵبەت بەبڕوای من پرسی چارەسەری ئەم بابەتە هەروا ئاسان نییە. چونکە سەرەڕای گرفتە نێوخۆیەکانی عێراق، دەستێوەردانی دەرەکی (ناوچەیی وجیهانی) هەیەو بەشێک لە بوون و نەبوونی چارەسەریەکان دواجار پەیوەست دەبێتەوە بەئەوانەوە. ئەوە لەکاتێکدا کێشەی چاوچنۆکی و گەندەڵییش لەناوخۆی هەردوو حکومەت هەتا ئاستی مەترسیدار ڕۆشتووە، بەبڕوای من؛ کاتێک قسە لەسەر چارەسەری دەکرێت؟ دەبێت پێش هەرشتێک، ئەم دووبابەتە و گرفتگەلێکی تر هەیە وەک پرسی نەتەوە و تائیفی و مەزهەبی و بوونی هێزی چەکدار لەدەرەوەی یاسا، ئەوانەش کاریان کردۆتە سەر پرسی ئابووری و شێوازی ئیدارەدانی دەوڵەت لە عێراق و دەبێ چارەسەر بکرێن. بەداخەوە بۆ ئەوەی کە زیانی گەورەی بەرکەوتووە بەهۆی قەیرانەکان، کەچی دەستەڵاتداران مووی لەشیان بۆی ناچووڵێت! خەڵکە زەحمەتکێشەکەی هەرێم و عێراقە کە وەک هەمیشە قوربانی سیاسەت و شکست و بەرژەوندی ئەوان بوون، و بەوهۆیەشەوە ، پێداویستیە تەندورستی و خۆراکیەکان و سەرجەمی پێویستیەکانی تریان بە زەحمەت دەست بکەوێت بەتایبەت دواکەوتنی ئەمجارەی مووچە بۆ ماوەی سێ مانگ خەڵکی هەتا ئاستی گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بردووە (هەتا خۆکوشتنیش ڕوویداوە). کە سەرەڕای هەموو ئەوانەی وتم هەموومان بووین بەشاهیدی خۆکوژی دوو پێشمەرگە کە سەرچاوە هەواڵیەکان وتیان هۆکار کرێچێتی و نەبوونی و دواکەوتنی مووچەکانیان بووە.

لەکۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم؛ هەردوو دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند وهەرێم ساوت وسەودایەکی سیاسی ومالی بەجەماوەری خەڵکی عێراق بەگشتی ومووچەخۆرانی کوردستان بەتایبەت دەکەن. چونکە ئەو کێشەیە هیچ پەیوەندی بەمووچەی فەرمانبەران و ژیان وگوزەرانی کاسبکارانەوە نییە. بەڵکو کێشەیەکی سیاسی و ئیداریە کە سیستەمی فیدرالیزم هێناویەتە بەرهەم وحزبە قەومی دینی وتایفی وبنەماڵیەکان سوودمەندی یەکەمی مانەوەی ئەم هەلومەرجە ناهەموارە نائینسانیەن. بۆیە دەبێت جەماوەری خەڵکی عێراق وکوردستان خۆیان بێنە مەیدان وریزی خۆیان یەکخەن و لەبنەڕەتەوە چارەسەری ئەم هەلومەرجە نالەبارە بکەن کەپتر لە ٣٠ ساڵە مامەڵە بەژیان وگوزەرانی ژن وپیاو ومنداڵی ئەم هەرێمە دەکرێت.



# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی

## لە جیاتی ستایشی خەڵکی برسی، دەرگای قاسەکانتان بکەنەوە!

**٨٠ ڕۆژ بڕینی بژێوی سەدان هەزار خێزان کارەساتێکە کە بە وشە گوزارشی لێ ناکرێت. ئەم کارەساتە چەندین کارەساتی تری لێکەوتەوە. بیهێنە بەرچاو کە فەرمانبەر لە تاو بێ موچەیی و برسێتی خانەوادەکەی، دەست بۆ خۆکوشتن بەرێت. یان شان بداتە ژێرباری قەرزێک کە نازانێ دواتر چۆن بیداتەوە. ئاخر منداڵی شیرەخۆرە و ساوا کە تەنانەت لە ستایشەکەی جەنابتان تێناگات، چۆن دەکرێت پێی بڵێی سوپاس کە بەرگەت گرت! ئەوەی جەنابتان ناوتان ناوە بەرگەگرتن، زۆردارییەکی بەزۆر داسەپاوە کە لەم ٨٠ ڕۆژەدا هەر ڕۆژی هەشتاجار جەرگی ئەو دایک و باوکانەی چوزاندوەتەوە کە نەیانتوانیوە منداڵەکانیان تێر بکەن و لانی کەمی داخوازییەکانیان مەیسەر بکەن...**

بەڕێز مەسعود بارزانی! لەم ڕۆژانەدا پەیامێکت ئاراستەی خەڵکی برسی و بێدەرەتانی کوردستان کرد، سوپاس و ستایشت کردن لەبەرئەوەی بەرگەی زیاتر لە ٨٠ ڕۆژ برسێتی و بێ موچەییان گرتوە. دیارە خۆت باش دەزانی کە ئەوە بەرگەگرتن نەبوو، خەڵک نەیتوانی بەرگە بگرێ، بۆیە دەنگی هەڵبڕی و هاتە سەر شەقام، بەڵام دەسەڵات بە لولەی چەک و داپڵۆسین و تەنانەت کوشتن وەڵامی ئەو خەڵکەی دایەوە، کە تەنها داوای خزمەتگوزاری و موچەکانی خۆیان دەکرد. هەر پێرێ بوو سوپایەکی پڕچەکتان بردە سەر خەڵکی خەبات کە داوای سەرەتاترین خزمەتگوزاریان دەکرد. داستانەکە وەهایە کە حکومەتەکەتان موچە و مافی خەڵک نادات و بە زەبری چەکیش بێدەنگیان دەکات، پاشان جەنابتان دێن و سوپاس و ستایشی ئەو خەڵکە دەکەن، چونکە گوایە بێدەنگ بوون و تەحەمولی ئەم زۆردارییەیان کردوە. ئایا ئەمە بەدەر لە لایەنە ستەمکارانەکەی، جۆرێک لە بێ ڕێزیش نییە بە خەڵکی کوردستان؟!

٨٠ ڕۆژ بڕینی بژێوی سەدان هەزار خێزان کارەساتێکە کە بە وشە گوزارشی لێ ناکرێت. ئەم کارەساتە چەندین کارەساتی تری لێکەوتەوە. بیهێنە بەرچاو کە فەرمانبەر لە تاو بێ موچەیی و برسێتی خانەوادەکەی، دەست بۆ خۆکوشتن بەرێت. یان شان بداتە ژێرباری قەرزێک کە نازانێ دواتر چۆن بیداتەوە. ئاخر منداڵی شیرەخۆرە و ساوا کە تەنانەت لە ستایشەکەی جەنابتان تێناگات، چۆن دەکرێت پێی بڵێی سوپاس کە بەرگەت گرت؟! ئەوەی جەنابتان ناوتان ناوە بەرگەگرتن، زۆردارییەکی بەزۆر داسەپاوە کە لەم ٨٠ ڕۆژەدا هەر ڕۆژی هەشتاجار جەرگی ئەو دایک و باوکانەی چوزاندوەتەوە کە نەیانتوانیوە منداڵەکانیان تێر بکەن و لانی کەمی داخوازییەکانیان مەیسەر بکەن، نەیانتوانیوە دکتۆر و دەرمان بۆ نەخۆشەکانیان دابین بکەن. ئاخر کاتێک دەکرێت ستایشی خەڵک بکەی لەبەر ئەوەی تەحەمولی برسێتیان کردوە، کە خۆشتان لانی کەم تەنها یەک ڕۆژ وەکو ئەوان برسێتی و نەبوونی بچێژن.

چەند ساڵ لەمەبەر ڕۆژنامەیەکی بەلجیکی لە دەمی بانکی سویسراوە نوسیبوی کە تەنها بنەماڵەی بارزانی و تەنها لە بانکی سویسرا خاوەنی ٦٠٠ ملیار دۆلارن. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە لەم بڕە پارەیە ٣٧٢ ملیارێکی هی خودی جەنابتانە ئەو دواشی بەپێی خشتەیەک بەسەر ئەندامانی خانەوادەکەتاندا دابەشکراوە. جگە لەمە هەر ئەندامێکی بنەماڵەکەت خاوەن کۆشکی سەرسوڕهێنەرە بە پانتایی یەک شار بە هەموو پێداویستیەکانی ژیانی فیرعەونانەوە. هیچ داهێنانێکی کەیف و ڕابواردن نییە کە بۆ هەموو ئەندامانی هەردوو بنەماڵە دەسەڵاتدارەکە فەراهەم نەبێت. سەروەت و سامان و موڵک وماڵتان خەیاڵیە و لە ژماردن نایات. ئاخر ئەوە چۆن دەکرێت خۆت لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا ساتەکانت بەڕێبکەیت و سوپاس و ستایشی خەڵکیش بکەی بۆ ئەوەی بەرگەی برسێتی دەگرن؟! ئەگەر بەرگەگرتنێکی بەم جۆرە بوونی هەبێت، وە ئەگەر ستایش هەڵگرێت، ئەی بۆچی خۆتان لەو ستایشە بێبەشن؟! بۆچی دەبێ خەڵک بەرگەی برسێتی بگرێت؟! لە کاتێکدا هەموو ئەو خەڵکە برسییەی کە بەڕێزتان ستایشیان دەکەی، چونکە گوایە بەرگەی برسێتیان گرتوە، زۆر ڕون و ڕاشکاو دەزانن خۆت و تاک بەتاکی ئەندامانی بنەماڵەکەت و تەنانەت دەوروبەرەکەتان، نوقمی بەهەشتێکن کە لەم سەرزەویەدا بۆتان بەرپاکراوە؟! ئەزانی ئەو خەڵکە برسییە باش دەزانن کە کۆشکی هەریەکەتان بە ئەندازەی شارێکە بە تەواوی ئەو مواسەفاتانەوە کە دەڵێن بەهەشت!! هەیەتی؟ دەزانی ئەو خەڵکە برسییە هەموو ڕۆژێک ئاپورای ئۆتۆمبیلە سەیروسەمەرەکانتان دەبینن و دەزانن کە تەنها بەوەوە نەوەستاون و ئێستا ئیتر خاوەن کۆپتەر و فڕۆکەن؟ دەزانی ئەو خەڵکە برسییە دەزانن سەروەت و سامان و موڵک و ماڵی لەبن نەهاتوتان نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو بە پانتایی جیهان بڵاوبوەتەوە؟ ئایا ئەوەش دەزانی ئەو خەڵکە برسییە دەزانن کە تاقە دۆلارێکی ئەو سەروەت و سامانەتان بە کاسبی پەیدا نەکردوە و سەرچاوەکەی ڕێک و ڕاست ماف و موچە و سامانی دزراوی کۆمەڵگە و ئەو خەڵکەیە نەدار و برسیەیە؟! بە مانایەکی تر ئەو خەڵکە دەزانن کە بۆیە ئێوە ملیاردێرن، چونکە ئەوان ڕوت و ڕەجاڵ و برسین؟! کەوایە ئەوە چ دادپەروەریەکە کە ژیانی فیرعەونانە بۆ خۆتان و ستایش و سوپاس و برسێتیش بۆ خەڵکی کوردستان؟! ئایا ئەم دابەشکردنە کەمێکیش بێت ناڕەوا و ستەمکارانە و نادادپەروەرانە نییە؟!

ئەگەر بەڕاستی داهات و پارە نییە، ئەگەر بەڕاستی ناچارییە و دەبێ خەڵکی کوردستان بەرگەی نەبونی و برسێتی بگرێت، دەی باشە لانی کەم خۆشتان وەکو ئەو خەڵکە تۆزقاڵێک لەو نەبوونی و برسێتیە شەریک بن. ئاخر چۆن دەکرێت دوو بنەماڵە و دەوروبەرەکەیان داهاتی سەرزەوی و ژێرزەوی و ئاسمانی کوردستانیان قۆرخ کردوە، سەدویەک جۆرە باج و سەرانەیان لەسەر خەڵک داناوە، هەرچی زەوی و موڵکی گشتییە هەڕاجی دەکەن و داهاتەکەی دەچێتە قاسەکانی خۆیانەوە و پاشان بەخەڵک دەڵێن: هەربژی ئێوە کە بەرگەی برسێتی دەگرن؟! لە کاتێکدا ئەو خەڵکە ئاگایان لە قاچاخچێتی نەوت و داهاتە سەرسورهێنەرەکەی هەیە، ئاگایان لە ڕمبازێنێ دوو بنەماڵە لەسەر موڵک و ماڵی گشتی هەیە، ئاگایان لەوە هەیە سەروەتی دوو بنەماڵە بەشی موچەی نیو سەدەی خەڵکی کوردستان دەکات، ئاگایان لەوەش هەیە کە ئەو سەروەتەی هەردووبنەماڵە لە بنەڕەتدا موڵکی گشتی خەڵکی کوردستانە. کەوایە وەرن بۆ موچە و خزمەتگوزاری خەڵک تەرخانی بکەن. هەرکات ئەوە تەواو بوو، وە ئەگەر بەناچاری و پێویستی کرد، ئەوکات ڕەوایە هەموو خەڵک بە ئێوەشەوە بەرگەی برسێتی بگرن. بەڵام ناکرێ خۆت لە لوتکەی ڕابواردن و کەیف و سەفاوەتدا بیت و ستایشی خەڵک بکەی، چونکە بەرگەی برسێتی دەگرن.

سیستەمی باجی ئێوە لە هیچ کوێی دنیا ناچێت. دەوڵەت کە باج لە خەڵک وەردەگرێت، لە بەرامبەردا ئەرکێتی لانی کەم ئەو خزمەتگوزاری و لایەنانەی ژیانی خەڵک دابین بکات کە ناکرێ و ناتوانرێت بە تاک بسپێردرێت. بەڵام حکومەتەکەی ئێوە جۆرەها باجی سەیروسەمەرەی لەسەر خەڵک داناوە، لە بەرامبەریشدا هیچ خزمەتگوزاری و بیمە و هاوکاریەک پێشکەش بە هاوڵاتی ناکات. تەنانەت خوێندنگا و نەخۆشخانە حکومیەکان خەریکە ئینقراز دەکەن یان کەڵکیان نامێنێ. هەرکەس بیەوێ داهاتوی منداڵەکەی مسۆگەر بکات دەبێ یان خوێندنگەی بەپارە بۆ بکڕێت یان مامۆستای تایبەتی بۆ دابین بکات، هەرکەس بیەوێ نەمرێ دەبێ خۆی خەرجی دکتۆر و دەرمان دابین بکات، جادە و بانەکان بونەتە ڕێگای مەرگ..و... ئەو باجەی لە خەڵک وەردەگیرێت ڕاستەوخۆ دەچێتە گیرفانی هەردوو حزب و هەردوو بنەماڵەی دەسەڵاتدارەوە. ئاخر داهاتی باج بۆچی و بە کام یاسا و پێوانە دەچێتە دەستی حزبە دەسەڵاتدارەکان و لەوێشەوە بۆ قاسەی دوو بنەماڵە دەسەڵاتدارەکە؟ هەر لە بنەڕەتەوە ئەگەر حکومەتەکەتان خزمەتگوزاری پێشکەش بە خەڵک ناکات، بە چ ماف و بە چ مەنتقێک باج لە خەڵک وەردەگرێ؟ داهاتی باج و گومرک و فرۆشتنی نەوت و زەوییە بەنرخەکانی موڵکی شارەوانی و داهاتەکانی تر، سەرچاوەی سەروەت و سامان و ژیانی شاهانەی دوو بنەماڵە و دەوروبەرەکەیانە. بەڵام ئەم داهاتەی دەستتان بەسەردا گرتوە هیچ مافێکی ئێوەی پێوە نییە. بەم پێیە سەروەت و سامانی سەدان ملیاریتان پارەی خەڵکە و بە زۆر زەوتکراوە. بۆیە سوپاس و ستایشەکەت بۆ خۆتان، دەرگای قاسەکانتان بکەنەوە و موچە و خزمەتگوزاری و بیمە جۆراوجۆرەکانی پێ دابین بکەن! ئەم کارەساتە سامناکە بە سوپاس و ستایش بەڕێناکرێت!

**ڕێبوار ئەحمەد**

**کۆتایی تەموزی ٢٠٢٥**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕێبوار حەمە شەریف

## گۆشەی ئەدەب و هونەر



# بچوک بەگەورەو گەورە بە بچوک !

نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف

ئەم بابەتم ڕێک لەگەڵ ئەوەدا دێتەوە کە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتودا مارەکردن لە سەر بێشکە تا گەورە دەبێت و پاشان بیەدن بەو کەسەی کە قەراردادی لە گەڵداکراوە.

ئێمە، ناتوانین وردبینین و تا ئاستی تێگەیشتنێک لە بابەتەکانی مەعریفەیدا، وە خۆمان قاڵبەکەین و ئاستی ڕۆشنفکری و نیشانە - پرسیار و تێگەیشتن لە جۆری کەسایەتیکان شیبکەینەوە، بۆئەوە... لەرێی دیالۆگ و عەقڵەوە بگەینە سەر ئەو ڕێگەی کە خۆمان، وەک نووسەرێک یان وەک روناکبیرێکی تەواو گەرەکمانە، هەر بۆیە بە زووی پێناسە، وە بەشان وباڵی هەندێکدا هەڵئەدەین و گەورەی دەکەین و خۆمانی بۆ بچکۆلە دەکەینەوە، تا کەسی ئاست نزم دەگەیەنینە بەرزی، بەوەش ئەوە لە دەست ئەدەین کە کەسایەتی خۆمانی تیدا (ون)بێت.

من پێم وانییە، هیچ نوسەرو ئەدیبێک بە توانابن کە بڵێن ـ لە ئاستی باڵادایە، نا ـ نوسەرو شرۆڤەکار ئەو کەسایەتیانەن، کە داهێنان دەکەن نەوەک (کۆپی) و (گێرانەوە) لە هەر کاتێکدا جا کۆمەڵایەتییبێت، بواری زانستیبێت هەتا فەلسەفەو تیۆریەکانیش، وە گەر لە بابەت پەروەردەیشدا بنوسرێتەوە دەکرێت ڕێرەوە سستەمیەکان باس بکرێت، بەڵام کۆپی کردنا، ئەبێت هزرو بۆچونەکانی خۆیی تێدا ورد بکاتەوە، چونکە کۆمەڵگە و تاکی مرۆڤ لە کلتور و فەرهەنگ ڕۆڵ دەبینن .

هەر بۆیە ئاستی نووسەر لەرێی دیبەیتەوە لە کاتی گفتوگۆدا لە نوسیندا گەر بمانەوێت بە خێرای هەموو لایەنی ئاستی، کەسایەتییەکەی دەردەخەین وە پێوەرک بۆ کەسییەتی دەپێورێت تا چ ئاستی، ئاستی مەعریفەیی بەرزە .

بۆنمونە/

١. لە هەر دێرێکدا و لە هەر نوسینێکدا کەبنوسێت و بیەوێت شتێک روونبکاتەوە، ئەو کات وە شرۆڤەی دیدی لە دەرونی تێدەگەین ئاست و رەوشت و بیری سەر لە کوێوە دەر دەهێنێت.

٢. دەبێت ئەوە تێبگەین زۆرجار نوسینی دەقکراوە کراس لە بەرکردنی (رستەو وشە)، پێوەری کەسایەتی نوسەر داناپۆشێت، بە پێچەوانەوە زۆرن لەو کە سایەتیانەی - لە دونیا بونیان هەیە کە بە رستەیەک یان بە چەند شیعرو چیرۆکێک بونەتە فەیلەسوف و حەکیمێک لە دونیای نوسین و وێژەیی کارانداا دەخێنەوە بەر گوێی بیسەران و شرۆڤەکاران .

٣. پێش هەموو شتێک، بۆ کەسێک گرنگە، ئاست و دیدگا بینینی کەسایەتیەکان فۆرمۆڵەکرێن، و بخوێنرێتەوە، لە رێی پێشینەو تا نیوەند بە گۆرینەوەی وتو وێژەکان، بۆ ئەوە نەبینە نێچیرو کوێلەی ژێر سێبەری هەندی درۆوە. کە زۆرجار و هەندیک لە کەسایەتی هەن کە ئەم لایەنە دەقۆزنەوە بۆ لایەنێکی تر کە ویستی خۆیانە.

٤. جۆری گفتو گوو( دیالۆگ)، نزیک بوونەوە کرادریکی گرنگە کە هەریەک لە ئێمە لەوە تێبگات کە چی دەوێت وە سەر ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە تا کوێ دەروات، بۆ ئەوەی داخواز و وەڵامدەرەوە لە ئاستێکدا بوەستێنێت کە ئاستی وتووێژی رێز و بناماو رێزگرتنە واتە نەک (سنوور شکاندن).

٥. گرنگترین خاڵ، کە پەیوەستە بە هەر کەسایەتیەکەوە، ئەوەیە کە کورترین ماوەو کورترین و خێراترین خاڵی گەیشتن بۆ ئەنجامێک باس بکات، کە ویستی جەوهەری ناو بابەتەکە بێت تاکو کەسیەتی خۆی بچوک نەکاتەوە.




# پێکەوە بە ئاگا دێین

پێکەوە بە ئاگا دێین
پێکەوە بەئاگا دێین
من و پاسارییەکان
من و سپێدە
یەك ئەرکمان هەیە
من و باخچە
من ونسێن درەختێ
من و کانیەکی بیرچوو
هەموو یەك ئەرکمان هەیە
ژیان چۆن جوان کەین
پێکەوە جوانین
ئەو و عیشق
سۆزیان لێ ئەچۆڕێ
من چ بێ ئاگام
گەمە بە عیشق لەگەڵ ئەودا
چۆن پێ بکەم
ئەو وتی
ئەتوانی بێ ئاگابی
کاتێ حەزت لێ ئەچۆڕێ
کاتێ ماچی دەستت ئەگرێ
ئەو وتی
کەدەریا نوست سەردانم کە

پاساری بێ ئاگان
وشەکان ورد ڕێ ئەکەن
ئەوسا کە لەئامێزما هێور بووی
هەردوو دەبینە عیشق

هۆنراوەی
سەلام سەعید



# خەونی سندباد..


هۆنراوەی: جەمال نوری

لە خەونی پەڵە هەورێک دا
"با" وتی ..
بارانێک بەڕێوەیە..
تا گەڵای درەختە بەژنزراڤەکان شانە بکا
شەونم بکا بەتاوە دەزوو
لە پرچی یادەکانەوە بئاڵێنێ
ئەو یادانە،
لە دوکەڵێکەوە ئاڵان،
کەلەکەرووی مندا هەڵیکردبوو
دەبووە شاخێک لەکا
ئۆقیانوسێک لە لەپی دەستا
شیعرو شاعیر لەلافاوی وشەدا ..!
باران و ئاسمان
دوو هاوڕێی هەمیشەیی،

" لەزمانی ئێمەدا!"...
زمان چەندە هێمای لەخاچ دراو بوون
بەداهۆڵەوە...
داهۆڵ، چەندە فریوو دەدربوو
لە چاندنی تۆوی ترس،
لە چاوی فرینی باڵندەیەکدا،
ئەو باڵندانەی هەتا ئێستا بێ سۆراغن
لە مەملەکەتی وەرزی کۆچ...
ئەو وەرزەی درەختەکان گەڵاکانی تیا ناوەرێ
کارێزەکانی تیا نانەقێ
کانیەکان نارژێنە سەر جۆگەو جۆبار
جۆگە سەری خۆی هەڵگرتوە
ئاوڕناداتەوە لەزێ و ڕووبار
کاکەی شوان،
سایەک لەگەڵیا نایە، بۆ حەوانەوە

لەپاڵ درەختێکی بەژنزراڤی گەرمیان
بۆ ئاوازێکی خەمگینی شمشاڵێک
کە شنەی با ئەیهێنێ و ئەیبات
جوزنی دایگرێ، بۆ مەرگی زیندووی گەڵاکان..
بۆ ڕووت بوونەوەی درەختی پیرە دارستان،
بۆ وشک بوونی باڵی فرین،
لە ناو هەور،
"با " بردەڵەی گریە نشین *..!

* گۆرانیەکی فۆلکلۆری یە.
* 10/حوزەیرانی 2025



# مەسروربارزانی ئەندازیاری شکستخواردووی سەرکوتکاری

**نووسینی: ڕێبوار یاسین فەتاح**

قۆناغی تیرۆر و ئەشکەنجە و سەرکوتکاریی مەسرور بارزانی لە دەزگای پاراستنی حزبەکەیەوە دەستیپێکرد و گواستییەوە بۆ ناو دامەزراوەیەکی باڵا لە حکومەت، کە ئەنجومەنی ئاسایشە، لە ماوەیەدا هەموو ئالەتەکانی سەرکوتکاریی لە هەڕەشە، ئەشکەنجە، تیرۆر، بەکارهێنانی یاسا، دادگا، دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ، حوکمدان، برسییکردن، ڕێگریی لە کاری میدیایی، داخستنی کەناڵ و دەزگای ڕاگەیاندن، دروستکردنی سیناریۆ و تۆمەت بەخشینەوە، کڕینی ڕۆژنامەنووس، بەخشینەوەی پارە و دەیان و سەدان ڕێگای بۆ بێدەنگکردنی ئازادییخوازان و ڕەخنەگران تاقیکردووەتەوە و بەردەوامە لە تاقیکردنەوەی جۆری زیاتر.

ئەوەی جێگای سەرنجە، دەزگای پاراستنی پەدەکە و مەسرور بارزانی، لە یەک بەیەکی هەوڵەکانیان شکست دێنن!، شکست بەو مانایەی، ئامانجە سەرەکییەکەیان ناپێکن، کە کپکردنی دەنگی ئازادە.

لەدوای ڕاپەرین، بادینان زۆرترین کردەی تیرۆرستیی ئەو دەزگایەی تێدا ئەنجامدراوە، لە تیرۆری سادق سندی، ڕەئوف ئاکرەیی، حاکم تەحسین، نەزیر عومەر (ئارام)... لە سەرەتای نەوەدەکان دەستپێکرد و مەسرور بارزانیش بە تیرۆرکردنی شوکری زەینەدین و وەدات حسێن، بەردەوامیی پێدا، بەڵام بۆی دەرکەوت، کە هەرگیز تیرۆر خەڵکی بادینان بێدەنگ ناکات، بە پێچەوانەوە ئەو گۆمەی بە ترس و هەڕەشە مەنگی کردبوو، شڵەقا و ئیتر بادینان مەرگی تاقیکردەوە، لەچی دیکە بترسێت!.

بەپێی پێوەرەکانی مەسرور بوایە، تیرۆری سۆرانی مامەحەمە قەڵەمەکەی سەردەشتی دەشکاند، تیرۆری سەردەشت، ماڵباتی بارزانی دەکرد بە خوداوەند و ناوهێنانی لەهەموو قەڵەمە ڕەخنەگرەکان حەرام دەکرد، بەڵام ئەنجام چیبوو؟، ئێستا وشەکانی سۆران و سەردەشت لەسەر زارای هەزاران ئازادیخوازە و ڕۆژانە تا ئاستی کەڕبوون، بەگوێی پەدەکە و ماڵباتی بارزانییدا دەدەن.

جارێکیتر سزادانی ڕۆژنامەنوس شێروان شێروانی

جارێکیتر زوڵم ستەم و دادگاییکرنی ناڕەوا دەرحەق بە بریکاردارم ڕۆژنامەنوسی بەناحەق سزادراو شێروان شێروانی.


بەکارهێنانی یاسا لەدژی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگا، ئازادییخوازانی بێدەنگ نەکرد، ئەمجارە دەستی بۆ دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ برد و لە ساڵێکدا نزیکەی ١٠٠ ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی دەستگیرکرد، سیناریۆی بۆ دروستکردن، ئەشکەنجەی دان، دەستی بۆ دانپێدانانی زۆرەملێ برد، حوکمی دان، هەتا ئێستاش خەریکی سزادانەوەیانە لە زیندان، بەڵام ئایا ئەوان بێدەنگ بوون؟، نا ئەوان لەناو زیندانییشدا گەورەترین بەرخۆدانیی دەکەن و ڕۆحی بەرەنگارییان ڕۆژ بەڕۆژ باڵاتر دەکات، لەدەرەوەی زیندانیش بە هەزاران کەس پشتیوانییان دەکەن و ڕۆژانە دەسەڵاتی پەدەکە و خودی مەسرور بارزانی دەدرێنە بەر تیری ڕەخنە.

بارزانی کوڕ لەگەڵ بەردەوامییدان بەو جۆرانەی تاقیکردوونەتەوە، خەریکی تاقیکردنەوەی ڕێگای تازەترە، مسۆگەر ئەنجامی هەموو ئەو هەوڵانەش شکستە و دەنگی ئازاد هەرگیز کپ ناکرێت.

**بەپێی پێوەرەکانی مەسرور بوایە، تیرۆری سۆرانی مامە حەمە قەڵەمەکەی سەردەشتی دەشکاند، تیرۆری سەردەشت، ماڵباتی بارزانی دەکرد بە خوداوەند و ناوهێنانی لەهەموو قەڵەمە ڕەخنەگرەکان حەرام دەکرد، بەڵام ئەنجام چیبوو؟ ئێستا وشەکانی سۆران و سەردەشت لەسەر زارای هەزاران ئازادیخوازە و ڕۆژانە تا ئاستی کەڕبوون، بەگوێی پەدەکە و ماڵباتی بارزانییدا دەدەن...**

# یادێك لە هاوڕێی کۆمۆنیست ئەرسەلان مەولود " ئاراس" دا...

* ئەرسەلان مەولود ناسراو بە (ئاراس) لە دایکبووی شاری(کۆیە)یە.



ساڵی ١٩٦٦ لەو شارە چاوی بەدنیای چەوسانەوە و نابەرابەی چینایەتی هەڵێناوە. هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لە کۆیە تەواو کردووە. پاشان لەساڵی ١٩٨٩ بەشی پێوەریار(مساحە)ی پەیمانگای بەغدا تەواو دەکات. ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی نەچوونی بۆ مەشقی جەیشی شەعبی لە پەیمانگا دەردەکرێت (فەسڵ). پاش دوو ساڵ بە لێبووردنی گشتی بۆ خوێندکارانی دەرکراو، دەگەڕێتەوە پەیمانگا و خوێندن تەواو دەکات. لە قەیرانی شەڕی یەکەمی کەنداو سەرباز دەبێت، بەڵام پێش دەستپێکردنی شەڕ وەک هەزاران سەربازی دیکە ڕیزەکانی سوپا بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات و لە هەولێر بە خۆ حەشاردان خۆی دەپارێزێت. لە کاتی دەسپێکردنی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١بەهۆی تەجروبەی سەربازی بەشداری چالاکانەی دەبێت لە شەڕی ڕزگارکردنی هەولێر لە گەڕەکی خۆیان لە خانووەکانی کارگەی نەسیج. هەر لەو کاتەدا بە شورای کرێکاران و ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ئاشنایی پەیدا دەکات و دەبێتە یەکێک لە هەڵسوڕاوە بەرچاوەکانی ئەو بزووتنەوەیە. بەتایبەتی بەشی چاپەمەنی و سەربازی کە پسپۆری و شارەزایی هەبوو تێیدا.



پاشان لە شەڕی بەرەنگاربوونەوەی بەعس بۆ گرتنەوەی شاری هەولێر سەرپەرشتی هێزێکی چەکداری شوراکان دەکات لە گەڕەکی حی عەسکەری و کوران. پاش دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی ورژێمی بەعس دەگەڕێتەوە ناو شار و درێژە بە چالاکی سیاسی دەدات و بەشداری زووربەی نارەزایەتییەکانی جەماوەری هەولێر دەکات.

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ١٧ی تەمووز ١٩٩١ بە ڕێکخستنی خۆپیشاندانێکی جەماوەری پلان بۆداڕێژراوی لە پێشینە، شەپۆلی جەماوەر بەرەو بەردەرکی سەرا و بینای پارێزگای هەولێر شەپۆلی دەدا، بەشیعاری (هێزی داگیرکەر لە کوردستان بچێتە دەر)، لەگەڵ دەیان ئاڵای سور.

پاش ئەوەی ڕێگریەکانی بەرەی کوردستانی بە سەرپەرشتی (ڕێباز، بەرپرسی سەربازی ی.ن.ک لەهەولێر) شکستی هێنا. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی بەعس لە بەردەرکی سەرا ڕوویدا و جەماوەر لە ماوەیەکی کورتدا توانیان دەستبگرن بەسەر سەرا و سجنەکەیدا.

لەو خۆپیشاندانەدا هاوڕێ ئاراس لە بەشی پێشەوەی خۆپیشاندانە دەبێت و کە بەرەو سەرای هەولێر دەڕۆن و لەگەڵ دەسپێکردنی تەقە و شەڕ لەگەڵ زانای موهەندیس دەپێکرێن دەچنە کاروانی گیانبەختکردوان بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی و سۆسیالیزم و دنیایەکی باشتر. دوای گیان لەدەستدانیان قارەمانانی کوردایەتی!! و چەکدارەکانی بەرە بە دیاری کراویش (ڕێباز) کە بەرپرسێکی(ی.ن.ک) بووم بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ تەرمی ئاراس دەست بەسەردەکەن بۆ ئەوەی شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک کپ بکەنەوە. شایانی باسە لە ٢٦ ساڵیادی هاوڕێ ئاراسدا، کاوان قادری هونەرمەند نەخشەی پەیکەری هاوڕێ ئاراسی کێشاوە، کە دواتر ئەو پەیکەرە لەسەر گڵکۆی هاوڕێ ئاراس لە شاری کۆیە دانرا...

**بەرزو بەرێزە یادی خەباتکارانەی هاوڕێ ئاراس و سەرجەم گیان بەختکردوانی ڕێگای دنیایەکی باشتر**



# فیدرالیزم شیعاریکی کونەپەرستانەیە

## گفتوگو لەگەل منصور حکمت سەبارەت بە شیعاری فیدرالیزم

**ئەنتەرناسیونال: لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە هینانە مەیدانی شیعاری فیدرالیزم لەلایەن هەندیک لە حزبەکانەوە هەرگیز رەنگدانەوەی بوونی وەها خواستیک نییە لەنیو خەلکدا. کەوایە دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە چ زەرورەتیکی هەبوو؟**

**منصور حکمت:** نەتەنها شیعاری فیدرالیزم جیگایەکی نییە لە زەین‌و ژیانی خەلکدا، بەلکو ناسنامەی قەومی و قەوم چیتیش بەشیوەیەکی گشتی، لەنیو ملیونەها خەلکی دانیشتووی ئیراندا هیچ جیگایەکی لە ئیعرابدا نییە. بەلام بەداخەوە ئەمە کافی نییە بو پاراستنی خەلکی لەو کارەسات‌و مەئساتانەی کە قەومپەرستی و قەوم پەرستان دەتوانن بیهیننە ئاراوە. سەیری دنیای دەوروبەری خوتان بکەن‌و چاویک بە رووداوەکانی ئەم دوو سی دەیەی دواییدا بگیرن. حکومەتی شەرع‌و دەولەتی ئاخوندیی چ زەمینەیەکی لە ئیرانی سەدەی بیستەمدا هەبوو؟ دیارە هیچ. ئەم خەلکە هەر ئەوانە بوون کە هەشتا سال بەرلەئیستا روژیکیان بەسەر مەشروعە چییەکاندا هینا کە دەیزانین. ئاخوند تویژیکی مشەخوری بیئابرو جیگای گالتەجاریی خەلک بوو لە شارو لە دیّدا. کچانی دوو نەوە بەرلە ئیمە بی سەرپوش ئەچوونە قوتابخانە. موسیقاو سینەما بەشیکی جیانەکراوەی ژیانی خەلکی بوون. لەگەل هەموو ئەمانەدا، ئەمرو لەم کومەلگایەدا جنوني ئیلاهیو جەهالەتی دینی و جانەوەرانی ئیسلامیی حوکم دەکەن. یوگسلافیا، کومەلگایەکی مودیرنی سەنعەتیو بەهەموو ستانداردەکانی ئەمرو کومەلگەیەکی شارستانی بوو. یوگسلافەکان باسی ئەوە ئەکەن کە چون بەر لەم رووداوانە ئینتمای قەومي و میللی خویان هەر لەبیر نەبوو. نەیان ئەتوانی تەسەوری ئەم وەزعە بکەن. هەتا ئیستاش باوەر ناکەن‌و نازانن بوچی ئەمە رووی دا.

ئەوەی کە قەومیەت‌و قەوم پەرستی لەکومەلگەی ئیراندا ریشەو زەمینەیەکی بەهیزی نییەو ئەوەی کە خواستی فیدرالیزم جیگایەکی لەنیو خەلکیدا نییە، بەو مانایەیە کە رەوەندو رەوت‌و بزووتنەوە سەرەکییەکان لە کومەلگەدا بەم ئاراستەیەدا ناڕون. بەلام پرسیار ئەوەیە کە کومەلگە چەندە لەبەرامبەر جموجولە قەوم پەرستانەکان‌دا پاریزراوەو لەپیشدا چەندە ئامادەیی بەرگری لەخۆکردنی هەیە لەبەرامبەر هیرشی داهاتووی ئەم پاشەوپاشگەرانەوەیەو کونەپەرستییە قەومییەدا. هەروەک نادری بەکتاش دەلیت ناسیونالیزم‌و قەوم پەرستی وەکو ئەو فایروسانە وان کە لەحالەتی مت‌بووندا دریژە بەژیانی خویان دەدەن‌و لەهەلومەرجیکی تایبەتدا چالاک دەبنەوەو تەنانەت هەندێ جار دەبنە مایەی پەتایەک. ناسیونالیزم‌و قەوم پەرستی لەکومەلگەی ئەمروی ئیراندا نەخوشییەکی سیاسي- فەرهەنگیی باو نییە. بەلام نە ریشەکیش کراوەو نە کومەلگە لەدژی ئەمە تەلقیح کراوە. بوونی هەر ئەم فیدرالیست‌و دەستە دواکەوتووانەی کە هەر ئیستاو لەوپەری بیشەرمی و گەوجیتیدا دەستیان کردووە بە دەرکردنی ناسنامە قەومییەکان بو خەلکی ئیران، شایەتی ئەوەیە کە ئەم فایروسە ریشەکیش نەکراوە وە دەتوانی، بەتایبەت لە هەلومەرجیکی پر لەئالوگورو گورانکاریی سیاسیدا، ببیتە مایەی گەلیک موسیبەت. دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە بو دروستکردنی ئامادەییو بەرگرییە لەکومەلگەدا. هەروەها دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە راگەیاندنی راست‌و رەوانی ئەو واقعییەتەیە بەناسیونالیست‌و قەوم پەرستان‌و میللەت‌گەراو روشنبیرە گەوجەکانی دەوروبەریان کە کومونیزمی کریکاری لیبراوانە لەبەرامبەر ئەم پاشەوپاش گەرانەوەیەدا رادەوەستیو ئەم جەماعەتانەو ئەم ئارەزووە دژی ئینسانیو دژی کریکارییانە لەنیو خەلکیدا رسوا دەکات. ناکری بیست سال خەلک بە دین ئەسیر بکەن‌و بکوتن‌و دواتریش بیست سالی تر بە قەومیەت‌و میللەت. ئیمە ریگا نادەین.

**ئەنتەرناسیونال: بەیاننامەکە سەهەلدانی شیعاری فیدرالیزم راستەوخو گری دەدات بە مەسەلەی کوردەوە. ئەمە پیویستە تیشکیکی زیاتری بخریتە سەر.**

**منصور حکمت:** هەروەک باسم کرد ناونانی میللی و قەومی لە خەلک، چ جای بگات بە کیشمەکیشە میللیو قەومییەکان لەنیوان بەشە جیاجیاکانی کومەلگەدا دیاردەیەکی لەمیژینەو باوو هەمەگیر نییە لە ولاتدا. ئاشکرایە کە لەفولکلوری دواکەوتووی قەومەکاندا (هەر قەومیک)، خوپەسەندیی قەومی و شوفینیزم‌و سل کردنەوە لە بیگانەو تاد هەیە. لە هەموو ولاتاندا، تەنانەت لەنیو یەکپارچەترین "میللەتان"یشدا ئەمە هەیە، وە ئاشکرایە کە تا وەختیک سەرمایەو سەرمایەداری هەبیت ئەم جورە تەفرەقە خستنە نیوان خەلکییەش هەر دەمینیتەوە. ئیرانیش لەمە بەدەر نییە. بەلام هەر چاودێرێک کە مەبەستێکی ترو نەخشەکاریکی شاراوەی تری نەبیت، دان بەوەدا دەنیت کە کومەلگەی ئیران کومەلگەیەک نییە کە وەها لەنیو چنگالی کیشمەکیش‌و تەحەممول نەکردنی قەومیو میللیدا گیرودە بووبیت کە چاوەریی ئەوە بیت حەکیمیک بە نوشداوەریی فیدرالیزمەوە فریای بکەویت.

کاتیک ورد دەبیتەوە دەبینی کە پەیدا بوونی سەرو کەللەی ئەم مەقولەیە لەم دەورەیەی دواییدا پەیوەستە بە مەسەلەی کوردو سات‌و سەوداو گفتوگوکانی حزبی دیموکراتەوە لەگەل ئوپوزسیونی میللیدا کە بەقسەی دیموکراتەکان بریارە لە سبەینیدا دەولەتی مەرکەزی لە ئیران بەدەستەوە بگرن. هەموو مەسەلەی حزبی دیموکرات ئەوەیە کە ناوو ناتورەی جیاخوازی نەخەنە پالی، بەتایبەت کە درندەیی ناسیونالیستە مەزنخوازە ئیرانییەکان‌و ئەو تاوانانە دەناسی کە ئامادەن لەژیر ئالای بەرگری کردن لە "یەکپارچەیی خاک"دا وەریی بخەن. بیگومان خودی حزبی دیموکرات لە ریزی پیشەوەی "ئیرانچیتی"و بەرگری کردن لە "یەکپارچەیی خاک"دا راوەستاوە. وەختیک عفت داداش‌پور لە بلاوکراوەی "نیمروز"دا رای سکرتیری گشتیی حزبی دیموکرات، مەلا عبداللە حسن‌زادە، ئەپرسیت لەسەر هەلویستی حزبی کومونیستی کریکاریی ئیران (بەرەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی کوردستان، گەرانەوە بو رای خودی خەلکی لە ریفراندومیکدا لەسەر جیابوونەوە یان مانەوە وەکو هاوولاتیانی خاوەن مافی یەکسان لەچوارچیوەی ئیراندا)، جەنابی حەسەن‌زادە هەلئەچیو دەلێ: "نەخیر ئیمە جودایی خواز نین" وە بو ئاسودەکردنی خەیالی دەولەتی مەرکەزی ئایندە سنووربەندییەکی ئاگردار لەگەل ئیمەدا دەکات. حزبی دیموکرات ئوتونومی دەویت‌و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بە گشتگیرکردنی خواستەکەی خوی بەسەر هەموو ولاتدا، بە بەدەستەوە دانی فورمولیک کە تیایدا ناسیونالیزمی کورد لەبەرامبەر دەولەتیکی ناسیونالیستی مەرکەزیدا بەتاک نەکەویتەوە، باشتر بەم ئامانجە دەگات. فورمولی فیدرالیزم ئەو کومەکە بەحزبی دیموکرات دەکات کە ئوتونومی بویّت بێ ئەوەی کە کوردستان وەکو حالەتیکی استسنائی سەیر بکریت. فیدرالیزم واتە ئوتونومی بدەن "بە هەموو ئەو میللەتانەی کە ئیران پیکدەهینن"، لەوانەش میللەتی کورد بەرابەرایەتی حزبی دیموکرات. جا ئەگەر باقی خەلکی ئیران، وە لەناویاندا بەشیکی فراوان لە خودی کوردستان ئیلزامەن بە ناوو ناتورەی قەومیی وەک فارس‌و لورو گلیک‌و ئەفغانیو کوردو عەرەب‌و بلوچ‌و تورکمان خویان پیناسە ناکەن، ئەوا چاکتر. لەوبەری ئەم سات‌و سەودا کونەپەرستانەیەوە، رەوتە ناسیونالیستییە ئیرانییەکان راوەستاون کە خویان لەگەل مەسەلەی کورددا بەرەورووو دەبینن‌و ئەمە بە یەکیک لە گری سەرەکییەکانی مەحکەم کردنی حکومەتی داهاتووی خویان دەزانن. ئەمانە لە شیعاری فیدرالیزمدا دەروازەیەک دەبیننەوە بو شاردنەوەی مەسەلەی کوردو خولادان لە گەرانەوە بو رای خودی خەلک‌و سات‌وسەوداکردن لەگەل حزبی دیموکراتدا. سەرچاوەی باسی فیدرالیزم دەگەریتەوە بو لیکدانەوە هەلپەرستانەو پێ لەهەواکانی چەند حزبێکی سیاسی دەربارەی مەسەلەی کورد، ئەمە خوی لەخویدا نە ئەوەندە جیگەی نیگەرانییەو نە وەلامدانەوەش پیی لە کەنالی تەبلیغاتی روژانەی کومونیستی و دژی ناسیونالیستییەوە کاریکی دژوارە. بەلام لە هاوشانی دوو لایەنە

سەرەکییەکەی ئەم باسەدا، کە هەریەکەیان بەشوێن بەرژەوەندییە ماددییەکانی خۆیانەوەن، وەک هەمیشە ڕیزێکی تەواو لە کەسانێک پەیدا دەکەین کە پێیان وایە بەپێی کاری شەریفی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری، یان بەپێی پێداویستییەکانی گروپداری خۆیان، دەبێ حەتمەن بێ قووڵبوونەوە بەپێی مودی ئەو ڕۆژە شتێک بڵێنو خۆیان شیرین بکەن، وە ئەمانە بەشایەتی چارەنووسی تاڵی خەڵکی یوگسلافیاو سوفیت، لە هەلومەرجێکی وادا ترسناکترین عونسرەکان. بەراستی ناچێتە عەقڵەوە کە کەسێک لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە تەماشای یاری منداڵەکەی و منداڵی دراوسێکانی بکات، دواتر ئاهێک هەڵکێشێتو قەڵەمەکەی بگرێتە دەستو جاهیلانە خەڵکی وڵاتێکی ٦٠ ملیۆنی بەسەر ٩ میللەتو ١٣ قەومیەتو ٥ تاقمی زمانیی و قسەی لەم بابەتەدا دابەش بکاتو نەخشەی ئەوە دابڕێژێ کە ئەمانە دەبێ شارو گەڕەکەکان بەپێی خشتەکەی ئەو لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەنو لەبەرامبەر یەکتردا بوەستنەوە. ئەگەر ئەم جۆرە ئەفکارە گەوجانە ئەنجامی ئاوا خوێناوی لێ نەکەوتایەتەوە، ڕەنگە تەنانەت بووایەتە مایەی گاڵتەجاڕیی گوێگرانیشی. بەڵام مەبەستیان بێت یان نەبێت، ڕێگا خۆشکەری پاکسازییە قەومی و ئیعدامە بەکۆمەڵەکانی سبەینێن. ئەمانە خەریکی پیلانگێرانن لەدژی ژیانو گیانی ئەو منداڵانەی دەرەوەی پەنجەرەکە، بۆیە حەساسیەتی مەسەلەکە لێرەدایە.

ئەمە دنیای ٣٠ ساڵ بەر لەئێستا نییە. شۆڕشی ئەلکترۆنی و ئینفۆرماتیکو سەرهەڵدانی میدیا سمعی و بصرییە جیهانییەکان، ژورنالیزمی نۆکەرو موهەندیسیکردنی ئەفکاری کردووەتە فاکتەرێکی چارەنووسساز لە هاوکێشەکانی دەسەڵاتو ڕەوتی ئەوزاعی سیاسی لە وڵاتە جیاجیاکاندا. تەنانەت گەوجانەترینو بەعەقڵانەهاتووترین ئامانجی سیاسیو نەخشەی کۆمەڵایەتی، ئەگەر لەچوارچێوەیەکی فراوانتری چینایەتیو جیهانیدا بەکەڵکی بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەڵاتدار بێت، یەکسەر پەرو باڵی بۆ دروست ئەکرێتو دەئاخنرێتە مێشکی خەڵکەوە. مەسەلەکە لە وردە لێکدانەوەکانی حزبی دیموکراتو پاشماوەی حزبە میللی و جمهوریخوازو ئاریامیهرییەکان گەورە ترە. ئەمانە خۆیان بازیچەن. ئێمە دەبێ گشت یارییەکە بکەینە شتێکی نەکردە.

ئەوەش بڵێم کە تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە ئەوە خودی خەڵکی کوردستان کە دەبێ لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا دەربارەی جیابوونەوە یان مانەوە لەچوارچێوەی ئێراندا وەکو هاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسان بڕیار بدەن. ئەوە تەنها ئەم بڕیارەیە، جا هەرچییەک بێت، مەبدەئییەتو شەرعییەتی هەیە. مەسەلەی کورد مەسەلەیەک نییە لەسەر شەریکە بەش بوونی حزبی دیموکراتو باقی حزبە خودموختاری خوازەکان لە بونیادی دەسەڵاتو سپاردنی "حوکمڕانیی کوردستان"، لەسەرووی خەڵکەوە، بەوان. بەندوبەستو گفتوگۆو ساتوسەودای حزبەکان لەسەر کوردستان هیچ مەشروعییەتێکی نییە.

**ئەنتەرناسیونال: هەندێک لە ڕێکخراوە چەپەکان وتوویانە کە حزبی ئێمە لەو مەترسییانەی کە لە وتاری "سیناریۆی ڕەش و سپی"دا باس کراوە موبالەغەی کردووە. پێت وانییە هەڵوێستێکی هەرلەم جۆرە بەرامبەر بەم بەیاننامەیەش بنوێنرێت؟**

**منصور حکمت:** بەیەنی خۆمان بێت، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ تاک تاکی ئەندامانو هەڵسوڕاوانو ڕابەرانی خانەوادەی چەپی دژی سەڵتەنەتی و تەقلیدیی ئێران وەکو ئینسان گەلێک کە سەرەنجام بە هەر زمانێک بێت خێری خەڵکی زەحمەتکێشیان دەوێت، دەبێ بڵێم وەکو حزبو ڕێکخراوی سیاسی نە ئەوان بە سۆشیالیست دەزانمو نە هیچ باوەڕێکم بە توانای تەشخیسی ئەوانو توانای ئەوان هەیە لە گێڕانی دەورێکی کارساز لەجیهانی پاش جەنگی سارددا. ئەمانە تەیفێکی بەسەرچوو و بێ ئاسۆن. هەڵوێستی ئەم تەیفە لەبەرامبەر ئەم بەیاننامەیەدا فاکتەرێکی گرنگ نییە. ڕەنگە لەمە گرنگتر، هەڵوێستی بەیاننامەکە بێت بەرامبەر بەوان. بەڵام بەیاننامەکە لەبنەڕەتدا ڕووی دەمی لەوان نییە. ڕووی لە خەڵکو بەتایبەت چینی کرێکارە، کە بەمانای کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی سەرنج بدەنە ئەم وشەو شیعارانەو نەکەونە داوی میللی چێتی و قەوم پەرستییەوە، وە بۆ وەستانەوە بەرووبەیدا ئامادەبن. بەپێچەوانەی باسی سیناریۆی ڕەشو سپییەوە، ئێمە لێرەدا ئەتکیدمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەگەری داسەپاندنی شیعاری فیدرالیزم بەسەر کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێراندا زۆر لاوازە. بەم پێیە باسەکە لەسەر موبالەغە لەمەڕ ڕەوتی هەلومەرجی بابەتی نییە. باسەکە لەسەر ئەو بۆگەنییەیە کە لەخودی شیعارو لێکدانەوە میللییەکانو لەوانە شیعاری فیدرالیزمدا خۆی حەشار داوە. لەمەدا لەبنەڕەتدا ناکرێ موبالەغە بکرێتو هەرچییەک بووترێت هێشتا کەمە.

**ئەنتەرناسیونال: ئایا دەکرێ بڵێین ئەم شیعارە خەسڵەتنمای ئەو حزبو ڕەوتانەیە کە تەرحیان کردووە، وەدەبێ لەم چوارچێوەیەدا داوەرییان لەسەر بکرێ؟ ئایا بەم بەیاننامەیە شێوەی هەڵوێستو پەیوەندی حزب لەگەڵ ئەو ڕەوتانەی کە لایەنگری فیدرالیزمن گۆڕانی بەسەردا دێت؟**


**منصور حکمت** : بەبڕوای من لەئاستی تیۆریدا دەکرێ لەسەربناغەی ئەم شیعارە داوەری لەسەر حزبەکان بکرێت. هەروەکو چۆن دینی بوون، شۆفینیستی میللی بوون، سەڵتەنەتخواز بوون وەیان دژایەتی کردنی یەکسانی ژنو پیاو، لەجەرگەی مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێراندا بۆ بە کۆنەپەرست ناوبردنی ڕەوتێک کافییە، بڕواوبوونیش بە دەرکردنی ناسنامەی قەومی بۆ خەڵکو دروستکردنی دەوڵەت لەسەر بناغەی ئینتمای میللی و قەومیش بۆ بە کۆنەپەرست لە قەڵەمدانی ڕەوتێک کافییە. ئەگەر پرسیارێک هەیە ئەوەیە کە ئایا بۆگەنیی شیعاری فیدرالیزمو مانا دژی کۆمەڵایەتی و دژی ئینسانی و دژی کرێکارییەکانی بەقووڵی و لەئاستێکی فراواندا ناسراوە یان نا. ڕەنگە هێشتا ناسراو نەبێ. ئەمە ئەوە دەخوازێ کە لەسەرەتاوە بۆ دەورەیەک هەوڵ بدەین ئەم فۆرمولە لە بەرنامەو تەبلیغاتی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆندا نەمێنێ. هەڵبەتە ئاشکرایە کە هەر لەئێستاوە هەر ڕەوتێک کە هۆشیارانەو سەرسەختانە داکۆکی لە فیدرالیزمو ڕێکخستنی قەومیی کۆمەڵگە بکات دەبێ بە ڕەوتێکی کۆنەپەرست بژمێردرێت.

**ئەنتەرناسیونال: ئەم بەیاننامەیە چ هەڵسوڕانێک دەخاتە بەردەم هەڵسوڕاوانی حزب؟ هەڵسوڕاوانی حزب دەبێ لەبەرامبەر ئەو ڕەوتانەی کە شیعاری فیدرالیزمیان تەرح کردووە چی بکەن؟**

**منصور حکمت:** ئەوە ڕوونە کە لێرەدا ناکرێ و پێویستیش نییە کە لیستێک هەنگاو هەڵگرتن ڕیز بکەین. مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئێمە ناوەڕۆکی ئەم شیعارە، بە تەواوی وجودییەوە وە لێبڕاوانە بۆ خەڵکی ڕۆشن بکەینەوە. ئەو حزبانەی کە ئەم شیعارە تەرح دەکەن لە هەرکوێ بنو بۆکوێ بچن دەبێ هەست بە فشاری ڕەخنەی ئێمە بکەن لەسەر خۆیان. دەبێ بیرکردنەوەو سیاسەتی قەومی و میللی بێئابڕو بکەین، هەروەک چۆن بیرکردنەوەو سیاسەتی دینیی ئەمڕۆ بێ ئابڕوو قێزونە. ئەگەر نەڵێین هەموو خەڵکی زەحمەتکێش، لانی کەم دەبێ بەشە چوستو چالاکو هەڵسووڕاوەکانی چینی کرێکار لەئێراندا وەها هۆشیارانە بێزار بن لە کۆنەپەرستی میللی و قەوم پەرستی و نەفرەتی لێ بکەن، کە شیعاری فیدرالیزمیش جگە لە یەکێک لە شتە ڕتوش کراوە لوکسەکانی شتێکی تر نییە، وە لەبەرامبەریدا حەساس بن کە هیچ هێزێک نەتوانێ سبەینێ بە دروست کردنی کێشمەکێشو کارەساتی قەومی بەر بە پێشڕەویی کرێکارو کۆمونیزمی کرێکاری بگرێتو ڕۆژگارێک بەسەر خەڵکیدا بهێنن کە لە یوگسلافیا بینیمان. تەبلیغاتو ئاکسیۆنەکانی ئێمە دەبێ سەرهەڵدانی توجمانەکانو ئیززەت بگوویچەکانو کارادیچەکانو ملادیچەکانو میلۆسۆیچەکانو ژیرینفسکییە نیشتمان پەروەرەکان بکاتە شتێکی محاڵ. لە یەک ڕستەدا، هەم دەبێ ئامادەیی زەینیی خەڵک بەرینە سەرەوەو هەم قەوم پەرستو هاوکارەکانی سبەینێیان لەوە حاڵی بکەین کە لەگەڵ هێزێکی کۆمونیستی کرێکاریی لەسازش نەهاتووو بەرچاو ڕۆشندا بەرەوڕوون.

**یەکەمین جار لە مانگی جون-ی ١٩٩٦دا لە ئەنتەرناسیونالی ٢١ بلاو بووەتەوە**

**چون دینی بوون، شوفینیستی میللی بوون، سەڵتەنەتخواز بوون وەیان دژایەتی کردنی یەکسانی ژنو پیاو، لەجەرگەی مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێراندا بۆ بە کۆنەپەرست ناوبردنی ڕەوتێک کافییە، بڕواوبوونیش بە دەرکردنی ناسنامەی قەومی بۆ خەڵکو دروستکردنی دەوڵەت لەسەر بناغەی ئینتمای میللی و قەومیش بۆ بە کۆنەپەرست لە قەڵەمدانی ڕەوتێک کافییە....**



# ڕێبوار عارف: ئەوەی لەم قۆناغەدا دەتوانێت هاوکێشەکان بگۆڕێت، دەخالەتگەری سیاسی و ڕێکخراوبوون و هاوپشتی و هاوخەباتیمانە نە هیچ شتێکی تر!

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەهادین حاجی بەکر ناسراو بە "ڕێبوار عارف"، بەرپرسی لقی کوردستانی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری، لە پەیوەند بە پرسی موچە و خزمەتگوزارییەکان و ئایندەی بزوتنەوەی نارەزایەتی...

**بۆپێشەوە: جارێکی تر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە پێناو موچە و خزمەتگوزارییەکان لە ئاستێکی دیاریکراودا دەستی پێکردۆتەوە... چۆن دەڕوانە ئەم بزوتنەوەیەو و چ جیاوازییەکی لەگەڵ بزوتنەوەکانی پیشووی خەڵکی کوردستاندا هەیە؟ هۆکار چییە، دەسەڵات ئەمجارە زۆر توندتر هیرش دەکاتە سەر نارەزایەتیەکان و هەڵسوراوانی؟**

ئەو دەورانە بەسەرچووە کە یەکێتی بتوانێت یاری بەکارتی نارەزایەتییەکانی شەقام بکات دژ بە پارتی و بانگەشەی بوونی پانتایەکی زیاتر لە ئازادی بەیان و دەربرین و خۆپیشاندان بکات، هەربۆیە چیتر پارتی ڕێگە بە یەکیتی نادات لە حکومەتەکەیدا هاوبەش بێت، بەلام لە قەڵەمرەوی ژێر دەسەلاتی زۆنی سەوز ئیدیعای ئازادبوونێکی زیاترو دیموکراسی تربوون لە خۆیان نیشان بدەن...

**ڕێبوار عارف:** بەرلەهەرشتێک ئەوە بڵێم کە سەرباری هەموو ئەو لایەنە پرشنگدارو ئەرێنیانەی کە لە رابردوی ئەم بزوتنەوەیەدا دەبینرێتەوە، بەلام بۆ وەلامدانەوە بە پرسیارەکەتان دەبێت بە وردی سەرنجی ئەوە بدەین کە ئایا بۆچی دەسەلات ئاوا بە ئاسانی دەتوانێت هێرش بکاتە سەر نارەزایەتییەکان و دەستگیرمان بکات و لە شەقامەکاندا ئەشکەنجەمان بکەن و سووکایەتی بە هەلسوراوان بکەن و دواتر پەلکێشی نێو زیندانیشیمان بکەن، تەنانەت لەمانەش زیاتر ئەمجارە جەستەی هەلسوراوان و هاورێکانیشمانیان کردە ئامانج و خەلتانی خوێنیان کردن لە بەرچاوی ئەو خەلکەوە! بەدڵنیایی ئەم پاشەکشە پێکردنە لە هەنگاوی یەکەمدا خۆی لە پڕنەکردنەوەی خالە لاوازو نەرێنیەکانی قۆناغی رابردودا دەبینێتەوە، بەلام با جاری لەم خاڵەیان گەڕێین و بێینەوە سەر هۆکارەکانی تر کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خالێکیان دەکەین:

هەلبەتە نابێت پاشەکشەکردنی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەسەلاتی پارتی و یەکیەتی لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بەدەستی کەم بگرین وەك فاکتەرێك بۆ شکانەوەی قەیرانەکان لە دژی خەڵکی کوردستان، و بەدیوێکی تریشدا ترس لەم بارودۆخەو ناچاربوونیان بە پاشەکشەکردنیان لەبەرامبەر حکومەتی بەغدا

خاڵی دەستپێکی ئەم پاشەکشەپێکردنە بەبڕوای من لە قۆناغی کۆتایی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی دوو سالی رابردووەوە دەست پێدەکات، واتە پاش ئەوەی کە دواجار هاتنەمەیدانی ئێمە دەسەلاتی ناچارکرد بە هاتنەسەرخەت و کردنەوەی دەروازەی دانوسات و ڕێکەوتن و (ڕاگرتنی ئەو جەنگەی کە لە نێوانماندا بوو) ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بووبێت، سەرنج بدەن نارەزایەتییەکان هەر لە دەستپێکی ڕاگرتنی جەنگ و دانووسانەکەوە کەوتە حالەتی پاشەکشەکردن، چونکە لە جەرگەی هەر جەنگێکدا هەر هێزێک کە پەنا بۆ دانووسات دەبات دەیەوێت نەک هەر خۆی لە زەرەروزیانەکان دوور بخاتەوە، بەلکو لە راستیدا وەک دەرفەتێکیش دەیبینێتەوە کەخۆی تێدا بەهێزبکات و ئامادەکاریەکانی خۆی لە قۆناغەکانی تری جەنگەکە بباتە سەرەوە، واتە لاوازییەکانی خۆی تێدا پڕبکاتەوەو جبەخانەو سەنگەرەکانی خۆی تێدا بەهێزتر بکاتەوەو چاو بە نەخشەو پلان و تاکتیکەکانی خۆیاندا بگێڕنەوە بەلام ئێمە تەنیا کارێک کە کردمان چاوەروانیکردن و دلخۆشکردنی خۆمان بوو بە بەلێنی پشت دانیشتنەکان و بە تەسریحاتی چەند پەرلەمانتارێک و بە ناردنی پەیتا پەیتای دەستەو ئەنجومەن و نوێنەران بۆ بغداد. لە کاتێکدا کە دەسەلات نەک تەنیا توانی بە سیاسەتی لە چاوەروانی هێشتنەوەو یارپێکردنەکانی نێوان خۆیان ڕۆژ بەڕۆژ شەقام ئەهوەنتر بکاتەوەو نارەزایەتییەکان پەراوێزتر بکاتەوە، بەلکو لە راستیدا لە پرۆسەیەکدا توانیان کار بۆ بێهیواکردنی خەلکیش بکەن. بۆیە بەبڕوای من ئێمە هەر لەدەستپێکی هاتنە سەرخەتی دەسەلاتەوە نەمانتوانی دانوساتیش وەک درێژکراوەی مەیدانەکانی جەنگ ببینینەوەو خۆمانی تێدا بەهێزبکەین و سەنگەرو جبەخانەکانمانی تێدا کاراتربکەینەوە و چاو بە تاکتیک و نەخشەو بەرنامەی خۆماندا بخشێنینەوەو وەک دەرفەتی پڕکردنەوەی لاوازی و بۆشاییەکانمان مامەڵە لەگەل قۆناغی دانوساتدا بکەین، بۆیە لە درێژماوەدا بینیمان کە دەسەلات چۆن هەنگاو بە هەنگاو نەخشەی پاشەکشە پێکردنی خۆیان بەسەر بزوتنەوەکەدا داسەپاندو کاریان گەیاند بەوەی کە بەوجۆرە دەستدرێژی بکەنە سەرمان. بێگومان ئەم پاشەکشە پێکردنانە توانی کاریگەری خۆی لەسەر رادەو ئاستی ڕێکخراوبوون و یەکگرتوویمان دابنێت و لەلایەکی تریشەوە ئەو کارو چالاکیانەشی کە ئەنجام دەدرا بەشێکی زۆری بە شێوەیەکی پەراکەندە و خۆرسکی بوون کە بەدڵنیای ئەمەش کاریگەری لەسەر بەرتەسک بوونەوەی نارەزایەتییەکان و لاوازبوونی دانا. لێرەدا ئەم دۆخە دەرفەتێکی بۆ دەسەلات ڕەخساند کە بتوانێت ڕێگریەکی زیاتر بکات و زۆرتر پەنا بۆ هەرەشەکردن و پەلاماردان و گرتن و سەرکووتکردن ببات، هەلبەتە نابێت پاشەکشەکردنی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەسەلاتی پارتی و یەکیەتی لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بەدەستی کەم بگرین وەک فاکتەرێک بۆ شکانەوەی قەیرانەکان لە دژی خەلکی کوردستان، و بەدیوێکی تریشدا ترس لەم بارودۆخەو ناچاربوونیان بە پاشەکشەکردنیان لەبەرامبەر حکومەتی بغداد، ڕۆشنە کە ئەم دوو هێزە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان زیاتر لەیەک نزیکترن، بەتایبەت بەلەبەرچاوگرتنی پێگەی پارتی لە کۆی هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەدا، یەکیەتی ناچار بە پاشەکشەیەکی زۆر زیاتر کردوە کە ئیتر ئەو دەورانە بەسەرچووە کە یەکێتی بتوانێت یاری بەکارتی نارەزایەتییەکانی شەقام بکات دژ بە پارتی و بانگەشەی بوونی پانتایەکی زیاتر لە ئازادی بەیان و دەربرین و خۆپیشاندان بکات، هەربۆیە چیتر پارتی ڕێگە بە یەکیتی نادات لە حکومەتەکەیدا هاوبەش بێت، بەلام لە قەڵەمرەوی ژێر دەسەلاتی زۆنی سەوز ئیدیعای ئازادبوونێکی زیاترو دیموکراسی تربوون لە خۆیان نیشان بدەن. بۆیە ئیتر بەکردەوە یەکیەتی دەبێت کۆتای بە نمایشکردنەکانی بهێنێت، چیدی ناتوانێت واپیشان بدات کە نارەزایەتییەکانی ژێر رەحمەتی زۆنی سەوزە پارێزراوتر دەبن، هەر لێرەوەیە کە دەبێت تێگەشتنمان هەبێت بۆ سەرکوتەکانی ئەم دەورەی ژێر دەسەلاتی یەکیەتی، تەنیا سەرەتای کارەو لە ئایندەدا ئەم هێزە زۆر سەرکوتکەرتر دەبینینەوە کە جەوهەری ئەم لێکتێگەشتنە یەکێک لە خالە هاوبەشەکانی ئەو حکومەتە هاوبەشییە کە پاش تێپەربوونی دە مانگ هێشتا خەبەرێک لە پێکهێنانی نییە. بەلام سایەو سێبەری گورزی ستەمکاریەکەیان لەئێستەوە بە ڕۆشنی دەبینین! لێرەوە ڕۆشنتر حالی دەبین لەوەی ئەو هێزەی کە دوێنێ دەینەراند دەیرۆخێنین، دوای یەکەمین دیدار دەلێن لەکاتی هەلبژاردنەکاندا کەمێک سوعبەتمان کرد پێکەوە، کاتێکیش کە بانگەشەی تەوتین وەک یەکێک لە بنەرەتیترین جیاوازیەکانی خۆیان نیشان دەدەن هەر خۆیان دەبنە زورنا ژەنی هەژماری من. بۆیە دەبینین لەم قۆناغەدا بەو شێوە دەتوانن نارەزایەتیەکان سەرکووت بکەن.

**بۆپێشەوە: لە ساڵی ٢٠١٤ بەدواوە، خەڵکی کوردستان بەگشتی و مامۆستایان و فەرمانبەران بەتایبەتی لە پێناو موچە و خزمەتگوازرییەکان، چەندین جار دەستیان داوەیە بایکۆت، کۆبونەوە، مانگرتن، خۆپیشاندان، چادر هەڵدان و ... کەچی**

**نەتوانراوە دەستبەری داخوازییەکانیان بکەن، هۆکاری ئەوە چییە؟**

**ڕێبوار عارف/** بەبڕوای من ئەگەر مەبەستان لە نارەزایەتییەکانی مامۆستایان و مووچەخۆران بێت، ئەم وێنەیە دروستە، بەڵام من بۆ نارەزایەتییەکانی کفری و پێنجوێن هەمان خوێندنەوەم نییە، ئەو دوو نارەزایەتییە داواکاریەکانیان بەرادەیەک جیاواز بوو هاوکات ئەنجامگیری جیاوازیشی دابەدەستەوەو بەشێکی بەرچاو لە داخوازیەکانی ئەو دوو شارە هاتەدی. بۆیە لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ لێبڕاوی جەسارەتی پڕ ئیرادەی مامۆستایان و مووچەخۆران لە دوو سالی ڕابردو ئەوە وەک پێش فەزیک لە بەرچاوبگرین کە مۆری خۆی وەک راوەستاوترین نارەزایەتیەکانی دە ساڵی رابردو ببینینەوە بەبێ کەمکردنەوەی زەرەیەک لە تواناو ئیرادەو ئامادەیەی کە گەلێک خالی پرشنگدار لە هەناویدا بەدیدەکرێت، بەجۆرێک کە دواتر هەردوو دەسەلاتی هەرێم و ناوەندیش ناچار بە هاتنەسەرخەت و دانوسات کران، بەلام سەرباری هەموو ئەمانە هێشتا پانتاییەکی زۆر دەمێنێتەوە بۆئەوەی کە قسە لەسەر هۆکارەکانی بەئەنجام نەگەیشتنی نارەزایەتییەکان بکەین کە گرنگترینیان لێرەدا دەخەینە ڕوو! گرنگترین خالێک کە پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشن بوو، کەبۆ هەر جولانەوەیەک بەدلنیای دەتوانێت خالی چارەنووساز بێت و دەتوانین لە دەلاقەی ئەم لاوازیەوە تێگەشتنێکی ڕۆشنترمان هەبێت لەوەی کە ئایا بۆ ئەنجامگیری هەولەکانمان نامانگەیەنێتە کەنار دلنیابوون لە ئایندەی بزوتنەوەکەمان. ئاسۆداربوونی هەر بزوتنەوەیەک دەتوانێت بەکردەوە هەنگاو بە هەنگاو ئایندەی جولانەوەکە ئاراستە بکات و بیکاتە خاوەنی نەخشە ڕێگایەکی کارا و ڕوئیایەکی شەفاف و ڕۆشن بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئامانجەکانی. کە ئەم بابەتە خالێکی لاوازی بەرجەستە بوو لەو جولانەوەیەدا. لایەنێکی تری لاوازییەکان، نەبونی ڕابەریەکی یەک دەست و هاوپراتیک بوو کە دەورێکی چارەنووسازی هەیە لە لێکهەڵپێکان و هیدایەتکردنی هەرجولانەوەیەکدا، کەبەداخەوە لەمبارەوە لەنێو ئەنجومەن و دەستەی مامۆستایاندا ئەو یەک دەستی رابەری کردنە وەک پێویست خۆی نیشان نەدا، هەربۆیە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیام و بڕیارەکانی جولانەوەکە داناو وایکرد کە کەمتر بتوانرێت لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا، کارەکانیان پێکەوە ڕابەری بکات و لە ئاستێکی شایستەدا درێژە بە بەردەوام بوونی کارەکانیان بدەن. هەربۆیە نەبوونی ئەو هەماهەنگی و یەک دەستیەی رابەری کاریگەری نەرێنی لەنێوان هەلسوراوانی شارەکاندا دروست کرد، کە هەرئەمەش بووە هۆی لاواز دەرکەوتنی دەوری ڕابەری سەرتاسەری ئەم جوڵانەوەیە. بۆیە کاتێک ئەوە دەبینین کە ئەم ڕابەرییە کەمتر خەمی یەکپارچە راگرتنی بزوتنەوەکەو دەخالەت پێدانی هەلسوڕاوانی خوارەوەی هەیە، ئیتر کەمتر بەدوای دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانەوە دەبین، لێرەوەیە کە بەداخەوە رابەری ئەم جولانەوەیە نەیتوانی وەک پێویست ئەو ڕۆلە شایستەیە ببینێت کە لە ئاستێکی بالاتردا جولانەوەکە بەرەو ئایندەیەکی گونجاو تر بەرێت. هەلبەتە دەبێت ئەوەش بلێین کە نەبوونی تاکتیک و شێوەکاری گونجاو کێشەگەلێکی تری هاوشێوە بوون، چەق بەستوویەکی بەم جوڵانەوەیەدا لەتاکتیک و شێوەکارەکەیدا، سەرنج بدەن بۆ ماوەی ١٦٠ ڕۆژ نارەزایەتییەکان لەم قۆناغەدا لەبازنەی بایکۆت، ڕێپێوان و خۆپیشاندانداندا دەخولایەوە، لەکاتێکدا دەتوانرا تاکتیکی زۆر کاراتر بەدەستەوە بگرێت کە ئێمە لە جەرگەی نارەزایەتیەکانیشدا کارمان لەسەر دەکرد، بەلام سەرکەوتوو نەبووین لە جێخستنیاندا. لایەنێکی تری لاوازی ئەم تاکتیک و شێوەکارە، چۆنیەتی مامەلەکردن بوو لەگەل هێنانە مەیدانی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە، کەبەداخەوە نەتوانرا لەمبارەوە کارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدرێت، ئەگەر هەولێکیش هەبووبێت لەمبارەوە بەداخەوە شێوازی کارەکە بەجۆرێک بوو کە هاتنەمەیدانی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە دەخرایە خزمەت ئامانجەکانی مووچەخۆرانەوە، کە تا ئەو شوێنەی بەهاوپشتی کردن دەگەڕێتەوە ئەمە کارێکی دروستە، بەڵام نەدەبوو هەموو چاوەڕوانییەکە ئەوەبێت کە بەشەکانی تری کۆمەڵگە تەنیا سێرڤس بەنارەزایەتیەکانی مامۆستایان بدەن، بەڵکو دەکرا هاتنەمەیدانی ئەوان بەخواست و دواکاریەکانیانەوە جەبهەی کێشمەکێش و ڕاوەستانەوەکەی دژ بەدەسەڵات بەهێزتر بکردایە. بۆ ئەمەش دەبوو کاتێک کە کرێکاران و کارمەندانی کەرتی تەندروستی، کارەبا، مرورو ڕێگەوبان، خوێندکاران، شارەوانی و باج وخەراج بانگهێشت دەکەیت، دەبوو بەهەمان شێوە خواست و داواکاریەکانی خۆیان بەرجەستە بکردایەتەوە، ئەوکاتە شەقامێکی زۆربەهێزترو جوڵانەوەیەکی یەکجار کاراترمان بەخۆمانەوە دەبینیەوە. هەلبەتە نابێت ئەوەش فەرامۆش کەین کە بەشێک لەم شێوازی کارە پەیوەندی بەو بیرکردنەوە پیشەگەرای (سنفیگەرای) شەوە هەبوو کە ڕێگری دەکرد لەوەی نارەزایەتییەکان لەچوارچێوەی توێژو سنفەکەی خۆیان دەرچێت و لەمەش خراپتر ئەوە بوو بۆ بەردەوام بوونی نارەزایەتییەکان ترسیان لە بە سیاسیکردنی دۆسیەکەیان هەبوو، لە کاتێکدا کە هەموومان ئەزانین کە مەسەلەی مووچە بەتەواوی مانا کراوەتە بابەتێکی سیاسی. بۆیە کاتێک کە قسە لەسەر ئەو ئاسۆ سیاسی و رابەریە شایستەیە دەکەین، هەست دەکەین کە ئەم بزوتنەوەیە بەدەرلەهەر ئامانجێک کەمتر پشت بەستوبوو بەدەخالەتی ڕاستەوخۆی جەماوەر بەشێوەیەکی ڕێکخراو، هەربۆیە تەنانەت نوێنەرانی شارو ناوچەکانیش لەکارە سەراسەریەکاندا کەمتر دەخالەتیان پێدەدرا. بابەتێکی تر کە بە شێوەیەکی گشتی هێشتا لە نێو نارەزایەتییەکانی کوردستاندا جێنەکەوتووە مەسەلەی گرنگی و پشتبەستنە بە هاوپشتی نێودەولەتی بۆ بەهێزکردنی پێگەی جولانەوەکەمان و پێشڕەویەکانی لە گۆڕەپانەکەدا. لە کاتێکدا کە دەسەلات نیگەرانیەکی زۆری لە هەرجۆرە گوشارێکی دەرەوەی ولات و ئاستی نێودەولەتی هەیە و هەبووە! کە بەداخەوە لەباتی پشتبەستن بەم جۆرە میکانیزمانە، بەشێکی زۆری رابەری جولانەوەکە هیواکانی خۆیان بەوەوە گرێدابووە کە سبەی فلان کوتلەی پەرلەمانی و فلان حزب لەبەغداد چ بەلێنێکی پێدەدات و چی بۆ نارەزایەتییەکان دەکات، لەکاتێکدا ئەم جولانەوەیە ئەوەند مەزن و گەورە بوو کە بەبێ ئەوەی پێویستی بە هیچ فلتەرێک بێت خۆی ڕاستەوخۆ دەیتوانی تەرەف بێت لەگەل پەرلەمان و حکومەت. ئەگەر هەولێکیش هەبووبێت لەمبارەوە بەداخەوە شێوازی کارەکە بەجۆرێک بوو کە هاتنەمەیدانی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگە دەخرایە خزمەت ئامانجەکانی مامۆستایانەوە، کە تا ئەو شوێنەی بەهاوپشتیکردن دەگەڕێتەوە ئەمە کارێکی دروستە، بەڵام نەدەبوو هەموو چاوەڕوانیەکە ئەوەبێت کە بەشەکانی تری کۆمەڵگە تەنیا سێرڤس بەنارەزایەتییەکانی مامۆستایان بدەن، بەڵکو دەکرا هاتنەمەیدانی ئەوان بەخواست و دواکاریەکانیانەوە جەبهەی کێشمەکێش و ڕاوەستانەوەکەی دژ بەدەسەڵات بەهێزتر بکردایە. هەر بەم دەلیلانەشە کاتێک ئاوڕ لە جێگەوڕێگەی بزوتنەوەکە دەدەینەوە لەوە حالی دەبین کە ئایا بۆچی پاش ئەو هەموو ماندوبوون و قوربانیدان راوەستاوییە هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە بە ماف و داخوازیەکانی خۆمان بگەین، ئەگەرچی تەنیا ڕێگەش بەردەوام بوونی خەبات جێخستنی بەدیلی کەموکوری و لاوازیەکانمانە، کە من پێموایە ئەم بزوتنەوەیە شانسی سەرکەوتنی زۆرە.

**بۆپێشەوە: ئایا پرسی موچەو نەوت و تەوتین، کیشەی سەرەکی نێوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدایە، یان کێشەکە لەوە گەورەترەو ئەو کیشانەی ئێستا دەرهاویشتەی کیشەیەکی قوڵتری سیاسین؟**

**ڕێبوار عارف/** لە ڕونکردنەوەکانی پێشتردا بەجۆرێک ئاماژەم بە وەلامی ئەم پرسیارە کرد، بەلام بۆ جەختکردنەوە لە ناوەرۆکی پرسیارەکە گرنگە ئەوە بلێین کە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد بەرلەوەی لەسەر هیچ مەلەف و پرسەیەکی دیاریکراوی رۆژانە بێت، ریشەگەلێکی زۆر پاییەی تریان هەیە کە گرێدراونەتەوە بە سیستەمی سیاسی و مافی هاولاتی یەکسان و کۆی گشتی یاساو ڕێساو دەستووری بەڕێوەبردنی ئەم مەملەکەتەوە! پەیوەندی بە

**ئاسۆداربوونی هەر بزوتنەوەیەك دەتوانێت بەکردەوە هەنگاو بە هەنگاو ئایندەی جولانەوەکە ئاراستە بکات و بیکاتە خاوەنی نەخشە ڕێگایەکی کارا و ڕوئیایەکی شەفاف و ڕۆشن بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئامانجەکانی...**

**بابەتێکی تر کە بە شێوەیەکی گشتی هێشتا لە نێو نارەزایەتییەکانی کوردستاندا جێنەکەوتووە مەسەلەی گرنگی و پشتبەستنە بە هاوپشتی نێودەولەتی بۆ بەهێزکردنی پێگەی جولانەوەکەمان و پێشڕەویەکانی لە گۆڕەپانەکەدا. لە کاتێکدا کە دەسەلات نیگەرانیەکی زۆری لە هەرجۆرە گوشارێکی دەرەوەی ولات و ئاستی نێودەولەتی هەیە و هەبووە!**

# درێژەی: دیمانە لەگەڵ هاوڕێ ڕێبوار عارف

کیشەگەلێکی سیاسی و ئەمنی ناوخۆی عێراق و ناوچەکەوە هەیە، ئەمە جگە لە هەلبەزو دابەزەکانی نێوان هەرێم و بەغداد لەسەر دابەشکردنی پشک و دەسەلاتی زیاتری نێوان ئەم هێزە میلیشیاو سەرکوتکەرانەدا. ئەگەر هەنگاوێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی دوای پەلاماردانەکانی داعش و لە هەمووشیان بەرجەستەتر ڕووداوەکانی دوای ١٦ ئۆکتۆبەر بوو کە پاشەکشەیەکی یەکجار گەورەی بە پێگەی حکومەتی!! هەرێم کرد بە جۆرێک کە تائێستەش ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو پاشەکشەیە قولترو فراوانتر دەبێتەوە، بەجۆرێک کە لەئێستەدا حکومەتی! هەرێم تەنیا چاویان بڕیوەتە ئەگەری ئالوگۆڕەکانی ناوچەکە بتوانێت دەرفەتی پاراستنی قەوارەکەیان بەهێزتر بکاتەوە، ئەگینا مەحالە لەم لێوارەشدا بتوانن خۆیان بگرنەوە!. هەربۆیە چارەسەرکردنی پرسی موچەو نەوت و تەوتینیش لە بازنەی کۆی گشتی ئەو بارودۆخەدایەو کە پانتای کێشەکان ئەوەندە ڕیشەدارو قولن ناکرێت و ناتوانرێت بە ڕێکەوتنێکی شکلی وەلام وەرگرێتەوەو هەنگاوێک بێت بۆ چارەسەرکردنیان. هەقیقەت ئەوەیە وەک ئەوەی کە لە دنیای دەرەوە گوشارێکی گەورە لەسەر حکومەتی عێراق هەیە، بەهەمان شێوە پارتی و یەکیەتیش لە ئاکامەکانی نەدانی مووچە دەترسن کە ئەوا سێ مانگی تێپەراند. بۆیە ئەم ڕێکەوتنە تەنیا حەبێکی مسەکینی کاتیەو لە داهاتوویەکی نزیکدا شاهیدی خولی دانیشتنەکان دەبینەوە سەبارەت بە پرسی مووچەو نەوت.



**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب، دوای نزیک بە سێ مانگ بە ڕێکەوتنێک گەیشتوون لەسەر پرسی موچە و نەوت، ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری دەبێت؟ هەروەها تا چەندە لاتان وایە ئەم ڕێکەوتنامەیە جێ بەجێ دەکرێت و بەدەردی ڕێکەوتنامەکانی پێشوو ناچێت؟**

**ڕێبوار عارف/** بەرلەهەرشتێک ئەوە بڵێم کە ڕەنگە من خۆم لەگەل ئەو دەربڕینەدا نەبم کە دەسەلاتی بۆرژوازی کورد لەگەل دەسەلاتی بۆرژوازی عەرەب بە ڕێکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی ئەوتۆ گەیشتبن لە پەیوەند بە مەسەلەی مووچە، چونکە نە مووچە تەنیا بابەتی ناکۆکیداری نێوان هەرێم و بەغدایەو نە کۆی گشتی ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و بەغداد لە چارەسەرکردنی مەلەفی مووچەدا خۆلاسە دەبێتەوە. هەموومان دەزانین ئەمڕۆ حکومەتی ناوەند لە پێگەیەکی بەهێزتر و یەکلاکەرەوەدایە، زنجیرەی ئەو پاشەکشانەی کە بەدەسەلاتی کوردایەتی کراوە لەم سالانەی رابردودا گەلێک فراوانترە لەوەی کە ئەم دوو دەسەلاتە تەنانەت بتوانن لەسەر مەسەلەی مووچە بە ڕێکەوتنێکی پایەدار بگەن. هەر لێرەشەوە حەزدەکەم ئەمە وەک بەشێک لە وەلامی پرسیارەکە لەبەرچاو بگرن کە بۆچی ئەم ڕێکەوتنە ناتوانرێت وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، چونکە وەک وتمان کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد تەنیا لە بازنەی مووچەو نەوتدا خۆلاسە نابێتەوەو لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو دەسەلاتە لە دەرەوەی ڕووداو بارودۆخە سیاسی و ئەمنیەکانی ناوچەکەدا نییە، وەک بینیمان پارتی کاتێک ناچار بە ملدانە بەم ڕێکەوتنە دەبێت، دەزانێت کە خوێندنەوەکانی بۆ ڕووداو بارودخی سیاسی ناوچەکە کورتی هێناوەو چاوەڕوانییەکان بۆ ڕوخانی ئێران و جێیێ قایمکردنەوەیان لە حکومەتی دوای روخانی ئێراندا، وەک بلقی ژێر ئاو سەر ئاو کەوت و جمهوری ئیسلامی لەم هێرشانەدا نەرووخا تا ئەوان لەپال پاشەکشە پێکردنی هێزەکانی سەر بە ئێراندا بەهێز ببنەوە، بۆیە لەم مەسیرەدا کەم پەنجەیان بانەداو و کەم هەرەشەیان نەکرد، تا کار گەشت بەوەی کە بەغرورێکی زۆرەوە دوو گرێبەست لەگەل کۆمپانیاکانی ئەمریکادا ئەنجام بدەن، بەلام سەرئەنجام ئەمەش بە زیان بۆیان گەرایەوە. سەبارەت بە کاریگەری ئەم ڕێکەوتنە لەسەر نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، بەبڕوای من خۆبەخۆ ناتوانرێت باش یان خراپێک بە فەرز بگیرێت، چونکە ئەگەر ئێمە خۆشخەیاڵ بین بە ئەنجامەکانی ئەم ڕێکەوتنانەو پشتوێنی لێبکەین، یا لەباشترین حالەتدا دۆخەکە بە ئەمڕو سبەی بسپێرین بۆ دڵخۆش بوونمان بە باشتربوونی بارودۆخەکە لە دەرەوەی دەخالەتگەری و هەلوێستی لیبراوانەی خۆمان، ئەوا ئەو چاوەروانیکردن و کات بەسەربردنە دەتوانێت ڕەوەندی نائومێدیەکان قولترو پڕ ڕەنگتر بکانەوە، کە ئا لێرەدایە دەتوانێت ئاکامی زۆر زیانباری هەبێت بۆ نارەزایەتییەکان، چونکە ئەستەمە ئەم ڕێکەوتنامەیە بەم حالەتەی ئێستەوە هیچ چاوەڕوانیەکی باشی لێبکرێت، چونکە پرسی موچەو نەوت و تەوتین، لەنێو چوارچێوەیەکی زۆر فراوانتری سیاسیدایە کە ئەم جۆرە ڕێکەوتنانە ناتوانێت بە شوێنێکی بگەیەنێت، بەبێ چارەسەرکردنی کۆی گشتی کێشەکان، کە بە بروای من هیچکام لەم لایەنانە لە ئێستەدا نیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانیان نییە، بۆیە بابەتەکە لە گرەوی ئەوەدایە کە ئاخۆ ئێمە بە چ رادەیەک لە رۆشنگەری و بە چ ئاستێک لە ئامادەی و نەخشەو پلانەوە دەمانەوێت ڕوو بە ڕەوی ئەم دۆخە بینەوە، بۆیە بە بڕوای من ئەوەی لەم قۆناغەدا دەتوانێت هاوکیشەکان بگۆڕێت، دەخالەتگەری سیاسی و ڕێکخراوبوون و هاوپشتی و هاوخەباتیمانە نە هیچ شتێکی تر!

**ماویەتی**

# درێژەی دوا وتە

و بەزاندنی توانای بەرگری ئەمریکی و ئیسرائیل، کە بەوێنەی هیزی لەشکان نەهاتوو، ئاسمانی پارێزراو وێنا دەکران، هاوکیشەکانی پێچەوانە کردەوە و سەرئەنجام راگرتنی جەنگ بووە ناچاری و لەلایەن ترمپ و ئەمریکاوە، بریاری راگرتنی جەنگ درا.

راگرتنی جەنگ و هاتنە دەرەوەی ئیران بێ ئەوەی خۆی رادەستی ویستەکانی ئەمریکا بکات، لەگەڵ وەدی نەهاتنی ئامانجەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، خەون و خۆشباوەری هیزەکانی بۆرژوازی کوردیشی زڕاند. هاوکات ئەوە بواری کردەوە کە هیزە باڵادەستەکانی عێراق و هیزە نیابەتیەکانی ئیران، لە پێگەیەکی بەهیزتردا خۆیان دەربخەن و لەو نێوەشدا تۆڵە لە خۆبەستنەوەی ئاسۆی هیزەکانی ناسیونالستی کورد بەجەنگ و پشتیوانی لە بەرەی ئەمریکا بکەنەوە، کە بە ئاشکرا بەیانیان دەکرد. زیاتر لەوەش هێزو لایەنە باڵادەستەکانی عێراق، دوای جەنگی ١٢ رۆژە بواری ئەوەیان بۆ رەخسا، کە ئەو پرۆسەیە درێژە پێبدەن کە بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧وە دەستیان پێکرد، بەڵام بەهۆی گورزی حەماس لە ئیسرائیل لە حەوتی ئۆکتۆبەر و هیرشی بەردەوام و درندانەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر فەلەستینیەکان و روداوەکانی دواتردا توشی راوەستان هات. لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی سیاسی هەرێم خۆی لە پابەند بوون بە ڕیکەوتننامەکانی لەگەڵ بەغدا دزییەوە، لەوانە رادەستکردنی نەوت بە سۆمۆ. رادەستکردنی داهاتی نانەوتی و دواتریش پرسی تەوتین.... لەوەش زیاتر هەرێم دەستی لە فرۆشتنی نەوت بە قاچاغ هەڵنەگرت و تەنانەت کەوتە بەستنی گریبەستی نوێ و خۆ دزینەوە لە هەموو بەرپرسیایەتییەکیش بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان.

کۆتایی هاتنی جەنگی ١٢ رۆژە بە کردەوە بووە برگەیەکی نوێ لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی هەریم و بەغدا، لە هاوکیشە و ئارایشێکی تازەدا. دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا لەگەڵ ئەوەدا کە دەرگیری چەندین گرفتی سیاسی و ئابوریی و ناخۆییە، بەڵام ئامادە نییە وەکو پێشوو بیدەنگە بکات لەبەرامبەر زیادە رەویەکانی بۆرژوازی کوردا چ لە فرۆشتن و بە قاچاغ بردنی نەوت و لوشدانی داهاتی نانەوتی و خۆ دزینەوە لە ریکەوتننامەکان و چ لە پەیوەند بەپرسەکانی داهاتوو لە پرسی هیزی چەکداری ناحکومی و تایبەتی، ئەمنیەتی سنور، گریبەستی ئابوری و پەیوەندییەکان و ...تاد. لەو چوارچیوەیەدا بۆرژوازی لە عێراقدا هەم دەست بۆ فیدرالیزم و دەقە دەستورییەکان دەبات، کە بەسودی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد نییە، هەمیش ژینگە بۆ هیزە سێبەرە میلیشیاییەکان ئاوەڵا دەکات تا چۆرە بری دەرهینانی نەوت بکات و ڕێگە لە فرۆشتنی بەشێوەی نایاسایی بگرێت. دیارە ئەوە بەو مانایەی نییە دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی دەسەڵاتێکی عەدالەتخواز و پاکە، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی بۆرژوازی عیراق، دەسەڵاتێکی گەندەل و تاڵانچی "دزی سەدەیە".

هیرشی درۆنەکان بۆسەر هەرێم و بەتایبەتی بۆسەر کێلگە نەوتییەکان لەگەڵ ئەوەدا، بوار دەدات بە بۆرژوازی کورد خۆی لە ڕیکەوتن لە ناردنی نەوت بە پاساوی زیان کەوتن بە دەرهینانی نەوت بدزێتەوە، بەڵام پەیامی ئەو هیز و لایەنانەی هیرشی درۆنی دەکەنە سەر دەسەڵاتی هەرێم، واوەتر لە زیان گەیاندن بە پرسی نەوت و راگرتنییەتی، بەڵکو هیرشێکە بۆسەر پیگەو دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە ئاستێکی فراوانتردا بۆ مل کەچ پێکردنی تەواوەتی بە دەسەڵاتی بۆرژوازی عیراقی.

بۆرژوازی کورد، لەبەرامبەر بەو ئامانجەی حکومەتی و عێراق و هیزە میلیشیاییەکانی سەر بەئیران، هیچ کارتێکی بەدەستەوە نییە جگە لەوەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بپاڕێتەوە هاوکاریان بکات و ئەرکی پاراستنیان بگرێتە ئەستۆ، بەڵام کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی هێندەی چاوی لە ئاسییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا وەکو وڵاتێکی سەربەخۆ و گرنگ لە ناوچەکەدا، هێندە گرنگی بە دەسەڵاتێکی لۆکاڵی و نافەرمی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا نادەن.

قوربانیانی سەرەکی ئەم دۆخە لە ململانێی بەغدا و هەرێم و گرژییەکانیان کە لە بنەرەتدا لەسەر داهات و دەسەڵاتە، خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی فەرمانبەرانن. وە خەڵکی کوردستان بەجیا لەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی و بنەماڵەیی تاڵانچی بۆرژوازی کورد بەرەو روون، هاوکات لەگەڵ دەسەڵاتی تاڵانچی و قەومی و دینی و هیز گەلی میلیشیایی نۆکەرە پیشەی عێراقیش بەرەو روون.

خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتی حاشاهەڵنەگر و ئاشتی هەڵنەگر لەبەرامبەر بۆرژوازی کوردو هێزەکانیدا نەک نابێ هیچ خۆشباوەریەکیان بە دەسەڵاتی بۆرژوازی هیزەکانی لە عێراقدا هەبێت، بەڵکو لە جیگای ئەوە دەبێ لە رێگای پشت بە خۆبەستن بگرنە بەر و ئاسۆی خەباتکارانەی خۆیان لە ئاسۆی هیزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و جیا بکەنەوەو پەرە بە هاوخەباتیان لەگەڵ جەماوەری نەداری عیراقدا، بدەن، لە پیناو کۆتاییهینان بەو فۆرمە لەدەسەڵات کە هیچ جیگایەکی بۆ مافی هاوڵاتی بوون و مافە فەردی و مەدەنیەکانی عێراق و کوردستاندا نییە.

ساڵی نۆهەم ژمارە (196) بەرواری 1-8-2025

بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

ڕێبوار ئەحمەد، جەمال نوری، توانا محەممەد نوری، بەندی عەلی، ڕێبوار یاسین، وریای ڕەسام، سەلام سەعید، کاوان قادر، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، ڕێبوار عارف، ڕیبوار حەمە شەریف، مەنسور حیکمەت،...

دۆسیەی ژمارە "موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و ئایندەی بزوتنەوەی نارەزایەتی"...

## دوا وتە

# فاکت و هۆکارەکانی هێرشە درۆنییەکان بۆ سەر هەرێم چییە؟

عەبدوڵا مەحمود


بەدوای جەنگی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەل ئیران، شەپۆلێکی تری هێرشی درۆنی بۆسەر هەرێم بەگشتی و بۆسەر کێڵگە نەوتییەکان بەتایبەتی دەستی پێکردووە. لەگەل ئەوەدا هێرشەکان رۆژانەن و بەغدا و هەرێم باسی بوونی زانیاری لەسەر ئەم هیرشانە و ئەو جێگایانە دەکەن کە درۆنەکانیان لێوە ئاراستە دەکرێت، بەلام بە کردەوە نەک هیچ هەنگاوێکیان بۆ بەرگرتن پێیان نەگیراوەتە بەر، بەڵکو زانیاری پێویستیش بە هاولاتیان نەدراوە.

گومان لەوەدا نییە ئەم هێرشە درۆنیانە لەلایەن گروپ و هیزگەلی ناوخۆی عێراقەوە ئاراستە دەکرێن، کە هۆکارو پاڵنەریان هەیە.

هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم هێرشانە راستەوخۆ پەیوەندی بە جەنگی ١٢ رۆژەوە هەیە. لەماوەی ١٢ رۆژی جەنگ و پێش دەستپێکی جەنگەکە، هیزو لایەنە سیاسیەکانی بۆرژوازی کورد بەتایبەت هێز گەلی بەشدار لە دەسەڵات، بەجیا لە دەرکردنی چەند بەیاننامەیەک وەکو ئیدانەی هیرشەکان و جەنگ لەدژی ئێران، بەلام بەکردەوە و لە لێدوانی بەرپرسانی هەر ئەو لایەنە سیاسیانەوە، ئەوە دەبینراو بانگەشەی بۆ دەکرا، کە ئەم جەنگە کۆتایی بە هەژموونی ئیران لە ناوچەکە دەهێنێت. بۆچوونی زاڵیان ئەو بوو، ئەم جارە سەری ئەو مارە پان دەکرێتەوە کە پەل و پۆیەکانی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، کراوە. زوربەی هەرەزۆری هیزەکانی ناسیونالیزمی کورد، ئومێدی خۆیان بەوە گریدابوو کە ئەم جەنگە کۆتایی بە رژێمی ئیران دەهێنێت، یان هێندە لاوازی دەکات کە دەتوانێت خرۆشانی ناوخۆیی لە ئیراندا بەدوای خۆیدا بهێنێت. لەو چوارچیوەیەشدا هیزەکانی لایەنگری ئیران کە بالادەستی سیاسیان بەسەر عێراقدا هەیە، دەکەونە پیگەیەکی لاواز و هاوسەنگی هیز لە ململانێی نێوان بەغدا و هەرێمدا بە سودی هەرێم دەشکێتەوە. لەئالۆگۆڕیکی ئاوادا لایان وابوو خواستەکانی خۆیان لەسەر داهات و سامان و دەسەلات و بەشداری سیاسی بەسەر بەغدادا دەسەپێنن. جەنگ کۆتاییهات و ئەم پێشبینیانە روویان نەدا، ئیران گورزی سەربازی بەرکەوت و بەشێک لە فەرماندە سەربازی و هەوالگری و زانایانی ئەتۆمی کوژران، بەلام ئەو گورزە زۆر لەوە کەمتر زیانی بەدواوە بوو کە دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەمریکا، نەخشەیان بۆ کێشابوو. جیا لەوانە ئەم هێرشە غافلگیرانەیە، نەیتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگات، کە بەپلەی یەکەم ملدانی ئیران بە ویستەکانی ئەمریکا و دەست هەڵگرتنی لە لیدان لە بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا، چوونە ناو بازنەی بەرژەوەندییەکانی و دوورخستنەوەی لەنزیکایەتی و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ جەمسەری روسی و چینی، راگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم، دەستکورتکردنەوەی لە هەژموونی بەسەر دۆخی سیاسی عێراق و ...تاد. بەدی نەهاتنی ئەم ئامانجانەی ئەمریکا و ئیسرائیل، کاردانەوەی ئیران بەرامبەر بە ئیسرائیل و بە نیشانەگرتنی ناوجەرگەی شارە سەرەکیەکانی

بۆ لاپەڕە 13

# پێم بڵێن، بۆ خۆشمبوێن؟



پێم بڵێن، بۆ خۆشمبوێن؟
بۆ بەردبارانی وشەی
زبرو ڕەق و سوێرتان نەکەم؟
پێم بڵێن، بۆ هەموو ڕۆژێ
بە نوکی ڕمی قەڵەمی
داخ لەدڵم کوێرتان نەکەم..؟
کە ئێوە ڕۆژانە چرۆی
چاوەڕوانیم دەوەرێنن ..
کە ئێوە، بە قامکی هەوەس
ڕۆژ نییە کوڵمی حورمەتم
نەڕوشێنن .. !
کە ئێوە ساڵەهای ساڵە
بۆ دەشتی گەنمی ڕەنجی من
کولەـــوە سـنن ..
پێم بڵێن، بۆ خۆشمبوێن؟
کە ڕۆژ نییە بە ئـاخی من
بەکامی دڵ .. پێنەکەنن !!
وا دەزانن دڵی منیش
ئاوی گۆمی مەنگی تیایە
لەجیاتی خوێن؟!
پێم بڵێن، بۆ خۆشمبوێن ؟!

بەندی عەلی

## بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام

